دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٥٦

www. kurdistanukurd.com

دووشەممە ١٥ی خاکەلیوە ١٣٩٠ - ٤ی ئاوریلی ٢٠١١ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان



مافی مرۆڤ

رەهەندەکانی بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤ لەبارەی ئێرانەوە

٤

سیاسی



گۆڕانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و داهاتووی کورد

٥

سیاسی



خوێندنەوەیەک بۆ ناودێرکردنی ساڵی ٩٠ بە «ساڵی جەهادی ئابووری»

٦

نەتەوەیی



نەورۆز پەیامی درێژەدان بە خەبات تا سەرکەوتن

٧


# لە ماوەی یەک ساڵدا لە ئێران
# زیاتر لە شەش میلیۆن پێشێلکردنی مافی مرۆڤ رووی داوە










لە ڕاپۆرتێکی ١٠٦١ لاپەڕەیی کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، ئامار و زانیاری لە سەر ٦٣١٦٣٦٠ جار پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بڵاوکراوەتەوە. ئەم ڕاپۆرتە کە لە جۆری خۆیدا بێ وێنەیە، بەڵام بەو حاڵەشەوە پێش بینی ١ تا ٣ لە سەدی هەڵە لە زانیارییەکاندا کراوە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە لە ساڵی ٨٩دا ٥٤٨٥ هاووڵاتی دەسبەسەرکراون و ٢٥٩٧٥ مانگ زیندانی بۆ هاووڵاتیان لەلایەن دادگاکانەوە بڕاوەتەوە. لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی نەتەوەکان ئاماری ١٠٢٩ جار پێشێلکاریی دەوڵەتیی مافی مرۆڤ بڵاوکراوەتەوە، کە ٦٠ لە سەدی ئەم پێشێلکردنانە لە کوردستان و ٣٠ لە سەدیش لە ئازەربایجان ڕوویداوە. لە پێوەندی لەگەڵ ژنان، ٦٢٣٦٦ پێشێلکاری ڕوویداوە، کە تەنیا دوو پێشێلکاری بە شێوەی قەتڵی نامووسی بووە و زیاترین ڕێژەی پێشلکارییەکان لە پێوەندی لەگەڵ حیجابدا بووە.

شایانی باسە لە ڕاپۆرتەکە بەشێکی تایبەت لە ١٢ لاپەڕەدا بۆ کۆڵبەران و کاسبکارانی سەر سنوور لە کوردستان تەرخان کراوە، کە بە پێی ئەم ڕاپۆرتە ٦٦ کۆڵبەر کوژراو و ٧٦ کەسیش بریندار بوون.

پێویستە بگوترێ ناوەندی «کوردستان و کوردنیوز»یش ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لە بارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو کردۆتەوە کە هەر لام ژمارەیەی «کوردستان» لە لاپەڕە ١٠دا بەرچاو دەکەوێ.

## سەنگی ئێران لە دەلاقەی پەیامی نەورۆزیی ئۆباماوە

بەپێچەوانەی نەورۆزەکانی دوو ساڵی ڕابردوو، پەیامی نەورۆزیی ئەمساڵی ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمریکا، ڕووی لە خەڵکی ئێران بوو نەک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی. لە پەیامی ئەمساڵی ئۆبامادا نەک هەر هیچ هەولێک بۆ دڵدانەوە و دڵ وەدەست هێنانی ڕێبەرانی ڕێژیم بەدی نەدەکرا، بەڵکوو جەوهەرو ناوەڕۆکی پەیامەکە، لایەنگری لە خەباتی خەڵکی ئێران لە پێناوی دێموکراسی دابوو. سەرکۆماری ئەمریکا خەباتی خەڵکی ئێران لە دژی سەرەڕۆیی لە وڵاتەکەیاندا، لە ریزی ئەو ڕاپەڕینانەدا دێت کە لە ناوچە دەستیان پێکردوە و چارەنووسی ئەم ڕێژیمەشی لە چارەنووسی دیکتاتۆرەکانی دیکەی ناوچە بە جیا نەزانی: «هەر ئەو هێزە هیوادەرانەی کە مەیدانی تەحریری قاهیرەیان گرت، هەر ئەوانیش بوون کە لە ژوئەنی ٢٠٠٩ لە مەیدانی ئازادیی تاران بەدی کران. ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێ، کردەوەی تۆقاندن و پێشێلکردنی مافی لاوان و بەساڵاچووان، پیاوان و ژنان، تیرو برسی لە گۆڕێ دایە. خەڵکی ئێران سەرکوت کراون. لەسەر بیرو باوەڕ سەدان کەس کەوتوونە بەندیخانە، کەسانی بێتاوان بێ سەرو شوێن کراون. ڕۆژنامەنووسان دەمکوت و ژنان ئەشکەنجە کراون، منداڵان بڕیاری ئیعدامیان بەسەردا سەپێندراوە. هەتا ئێرە، دژکردەوەی دەوڵەتی ئێران بەم جۆرە بووە کە دەری دەخا زۆر زیاتر نیگەرانی پاراستنی دەسەڵاتەکەی خۆیەتی تا ڕێزدانان بۆ مافەکانی خەڵکی ئێران».

پەیامی نەورۆزی ئەمساڵی ئۆباما، تەنانەت سەمبولەکانی خەباتی چین و توێژە ئازادیخوازەکانی ئەمڕۆی ئێرانی نەبوارد و بەناو ئاماژەی بە هێندێکیان کرد. ئۆباما گرتن و تۆقاندن و سەرکوتی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەنووسان، فیلمسازان، چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری، کەمایەتییە ئایینی یەکان و بەگشتی هەڵسوکەوت بەرامبەر خەڵکی ناڕازیی بە نیشانەی ترس و وەحشەتی کۆماری ئیسلامی زانی. ترس و وەحشەتێک کە تەنانەت ڕێگای دەستڕاگەیشتنی ئازادانەی هاونیشتمانان بە زانیاری و پێوەندیگرتنیان بە یەکترییەوە نادا. پەیام و کاکڵەی قسەی ئۆباما ئەوە بوو کە: ئەوە ترس و وەحشەت و تۆقاندن نییە کە داهاتووی «ئێران دیاری دەکا، داهاتووی ئێران هی لاوەکانە و ئەوە لاوەکانن چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن». سەرکۆماری ئەمریکا لاوانی ئێرانی بە شیاوی وڵاتێک زانی کە وڵامدەری ئارەزووەکانی ئەوان بێ و ڕاشی گایاند کە لەم ڕێگایەدا لەگەڵ لاوانی ئێران دایە.

ئێران وەک وڵاتێکی گەورە و گرنگی ناوچەدا خەڵکێکی زیندوو داهێنەری هەیە، لەمێژ ساڵە سیاسەتی ئەمریکا و بیری ڕێبەرانی ئەو دەسەڵاتە گەورەیەی جیهانی بەخۆوە خەریک کردوە. ئۆباما، بە مەبەستی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژووی ٣ دەیە قەیران لە پێوەندی ئەمریکا و ئێراندا لە سەرەتای هاتنەسەرکاریدا، بە پەیامی ئاشتی و دڵدانەوە ڕووبەڕووی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران بۆوە. پەیامی یەکەمی ئۆباما بۆ خامنەیی ئەوەندە نەرم و ئاشتیخوازانە بوو کە لە زەوقی ئێرانییەکانی دا. بەڵام دوا پەیامی ئۆباما کە وەرچەرخانێکی ئاشکرای بە سیاسەت و هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی پێوە دیارە، پێمان دەڵێ ڕێگای ئاشت کردنەوەی ئێران لەگەڵ ئەمریکاو هەموو دنیا، نەک دانووسان لەگەڵ سەرانی کۆماری ئیسلامیی و ئیمتیازدان بەوان، بەڵکوو لە هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی دژ بە دیکتاتۆریی خەڵکی ئێران و پشتیوانیی ڕاشکاوانە لە ویست و داخوازەکانی ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوەیە.

پێکهاتنی وەرچەرخان لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران و پشتگیریی نێونەتەوەیی لە خەڵکی ماف پێشێلکراوی و سەرکوتکراوی ئەم وڵاتە هەمبەر بە ڕێژیمی سەرەڕۆو دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی لە دەسپێکی ساڵی تازەی ئێرانییەکان دا، ئەو تیشکی هومێدەیە کە هاندەری خەڵکی لە ستەم ڕاپەڕیوی ئێران بۆ بەجێنەمان لە کاروانی گۆڕکردنی دیکتاتۆری لە ناوچەکە دایە.

ئێمە بە گەش بینییەوە پێمان ناوەتە ساڵی نوێ. چونکە دەبینین دنیا خەریکە پەیامی خەڵکی ئێران دەبیستێ.

## لە کۆبوونەوەی نارەزایەتیی ژینگەپارێزانی ورمێ ٧٠ کەس دەستبەسەر کراون



لە ئاکامی نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە کەمتەرخەمییەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەسەر وشک بوونی گۆلی ورمێ ژومارەیەکی بەرچاو خەڵکی ناڕازی دەستبەسەر ک ران.

دوای ئەوەی لەماوەی ٢ ساڵی ڕابردوودا چەندین ناوەندی زانستی ڕایانگەیاند کە گۆلی ورمی لەبەردەم هەڕەشەی وشکبووندایە، بەرپرسانی ڕێژیم بەرانبەر بە چارەسەری کێشەکانی بەردەم گۆلی ورمێ کەمتەرخەم بوون. ڕۆژی سێزدەبەدەر کۆمەڵێک ژینگەپارێز وەک نارەزایەتی بەرانبەر بە کەمتەرخەمیی بەرپرسانی ڕێژیم دەستیان داوەتە کۆبوونەوەی نارەزایەتی کە زیاتر لە ٧٠ کەسیان لێ دەستبەسەر کراوە.

هەواڵدەریی هێرانا بڵاوی کردۆتەوە کە هێزە ئەمنیەتییەکان زیاتر لە ٧٠ کەس لە خۆپیشاندەرانیان دەستبەسەر کردوە و بەرەو شوێنێکی نادیاریان ڕاگواستوون.

شایانی باسە کە لە پەلاماری هێزە ئەمنیەتییەکان بۆ سەر خۆپیشاندەران دا زیاتر لە ٢٠ کەس بریندار بوون کە باری لەشساغی ٤ کەس لەو بریندارانە لە مەترسیدایە.

## ڕێژیم هێزێکی زۆری لە ناوچەی مەریوان کۆکردۆتەوە



بە دوای هێرشی کۆمەڵێک چەکدار بۆ سەر بنکەیەکی هێزەکانی ڕێژیم و کوژران و برینداربوونی ٩ کەس لەو هێزانە، سپای پاسداران هێزێکی زۆری ڕەوانەی ناوچەی مەریوان و سەرسنوور کردوە. بە پێی زانیارییەکان ڕێژیم تەنانەت چەند ڕۆژ بەر لە هێرشەکەش هێزێکی زۆری لە ناوچەکە کۆکردبووەوە.

بە پێی بۆچوونی هەندێک لە چاوەدێرانی سیاسیی کوردستان، سپا بە ئانقەست دەیەوێ ناوچەکە بە تەواوی ملیتاریزە بکا و ناردنی ئەم هێزە زۆرە پێوەندییەکی بە هێرشە چەکدارییەکەوە نیە و بەڵکوو تەنیا ئەوەی کردۆتە بیانوویەک.

## وڵاتانی عەرەبی ناوچەی کەنداو دەستێوەردانەکانی ئێرانیان لە ناوچەکەدا بە توندی مەحکووم کرد




شەش وڵاتی عەرەبی ئەندامی شووڕای هاوکارییەکانی کەنداو لە کۆبوونەوەیەکدا لە ڕیاز، دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیان لە وڵاتانی عەرەبی بە توندی مەحکووم کرد.

شووڕای وڵاتانی هاوکاریی کەنداو کە پێکهاتوون لە عەرەبستان، کوەیت، بەحرەین، قەتەر، ئیمارات و عومان، کۆماری ئیسلامیان بە دەستێوەردان لە بەحرەین تۆمەتبار کرد و هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیان لەمەڕ ناردنی هێز لەلایەن عەرەبستانەوە بۆ بەحرەین مەحکووم کرد.

لە کۆبوونەوەی ڕیازدا هەروەها درووست کردنی تۆڕی جاسووسیی ئێرانیان لە کووەیت مەحکووم کرد و وەزیری دەرەوەی کووەیتیش لە دوای کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند کە سێ دیپلۆماتی ئێرانی لەو پێوەندییەدا لە وڵاتەکەیان دەردەکەن.

شایانی باسە دادگایەکی کووەیت سێ ئێرانی بە تۆمەتی جاسووسی بە ئێعدام مەحکووم کردوە و لەلایەکی دیکەشەوە کۆمیسیۆنی سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی ئێران لە ڕاگەیەنراوێکدا ناردنی هێز لەلایەن عەرەبستانەوە بۆ بەحرەینی بە کایە کردن بە ئاگر وەسف کردوە و بە زمانێکی توند ئەو وڵاتەی ئاگادار کردۆتەوە کە ئەم سیاسەتە بە زەرەر خۆی تەواو دەبێ.

**وەزیری بەرگری بریتانیا:**

## ئێران هەڕەشەیەکی جیددییە بۆ سەر ئەمنیەتیی ناوچەیی و جیهانی



ویلیام فۆکس، وەزیری بەرگری بریتانیا لە وتووێژێکی تەلەویزیۆنیدا ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامی ڕۆڵێکی زۆر مەترسیدار دەبینێ و هەڕەشەیەکی زۆر جیددییە بۆ سەر ئەمنیەتیی ناوچەیی و جیهانی. ناوبراو با ئاماژە بە بارودۆخی ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وتی: دەبینین کۆماری ئیسلامی ڕۆڵێکی تێکدەرانە و مەترسیدار دەبینێ و ئەگەر بێتوو پیلانەکانی سەرکەوتن بە دەست بێنێ، ئەوا نە تەنیا ئەمنیەتی ناوچەکە، بەڵکوو ئەمنیەتی هەموو جیهان دەخاتە مەترسیەوە.

وەزیری بەرگریی بریتانیا لە دەرێژەدا وتی ئێمە خەڵکی ئێران بە هاوپەیمانی خۆمان دەزانین، بەڵام کێشەمان لەگەڵ دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا هەیە و لە سێ لایەنەوە نیگەرانی ئێرانین. یەکەم پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە ئاستێکی بەربڵاودا کە تەنیا لە مانگێکدا ٦٠ کەسی ئێعدام کردوە. دووەم یارمەتیدانی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک حیزبوڵڵا و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و سێهەم هەوڵدان بۆ درووست کردنی چەکی ئەتۆمی.

ویلیام فۆکس هەروەها ئاماژەی بە ئاڵۆزیی پێوەندییەکانی ئێران و کووەیت کرد و ئەوەشی بە یەکێک لە دەرکەوتەکانی سیاسەتی مەترسیداری ئێران لە ناوچەکەدا لە قەڵەم دا.

### ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

## حوکمی ئێعدامی چالاکی سیاسیی کورد شێرکۆ مەعارفی مەحکووم دەکا

**ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ئەگەری جێبەجێ بوونی ئێعدامی چالاکی سیاسیی کورد شێرکۆ مەعارفی راگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و ئەو بڕیارەی دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی مەحکووم کرد.**

دوای پەرەسەندنی ئەگەرەکانی ئێعدامی چالاکی سیاسیی کورد شێرکۆ مەعارفی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوێک ئەو بڕیارەی دەزگای قەزاییان مەحکووم کردوە و داوایان لە هەموو رێکخراو و ناوەندەکانی ماف مرۆڤ لە جیهان کردوە کە بە فشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامی ئەو بڕیارەی پێ هەڵ وەشێننەوە.

لە سەرەتای ئەو راگەیەندراوەدا هاتوە کە رێژیمی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی، لە درێژەی سەرکوت و تۆقاندن و گرتن و ئێعدامی چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان دیسان بە نیازە دڵی وڵاتپارێزێکی دیکەی کورد لە لێدان بخا.

ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاماژە بە بارودۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لە ئێران، نوسیویەتی کە لاوی بەندکراوی کورد شێرکۆ مەعارفی کە ساڵی ١٣٧٨ لە شاری سەقز دەستبەسەرکراوە بە تۆمەتی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و دژایەتیکردن لەگەڵ خودا سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاندوە.



لە کۆتایی ئەم راگەیەندراوەیاندا ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، وێرای مەحکوومکردنی ئەم کردەوە دزێوەی رێژیم داوای لەسەرجەم خەڵکی کوردستان و حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان کردوە کە بە وەرێ خستنی نارەزایەتی و کەمپین نەهێڵن کە شێرکۆ مەعارفی و دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنی کوردی مەحکووم بە ئێعدام لە دار بدرێن.

## هاودەردی بە بۆنەی ڕووداوێکی دڵتەزێنەوە

ئێوارە درە نگانی ٢٩ ی ڕە شەمەی ١٣٨٩، لە یەکێک لە بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێوڕەسمی پێشوازیی نەورۆزی ١٣٩٠ و لە کاتی یاریی ئاگر دا، تەقینەوەیەک ڕووی دا کە بە داخەوە گیان لە دەستدانی پێشمەرگەیەک بە ناوی خاڵە حەمە عەلیاوەیی و بریندار بوونی کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی ئەو حیزبە و ئەندامانی بنەماڵەکانیانی لێ کەوتوتە وە.

هەواڵی ئەم ڕووداوەدڵتەزێنە لە دەروازەی نەورۆز و بەهارو لە گەرمە ی شادی و خۆشی بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە، بووە مایەی پەرۆشی و ماتەم لە نێو هەموو بنکە و بارەگاو ڕیزەکانی دێموکراتەکان دا. دڵنیاین بۆ هەموو خەڵکی کوردستانیش کە ئەم هەواڵەیان بیستووە بووە بە مایەی بەداخبوون و ناڕەحەتی.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەم بۆنە تاڵەوە لە لایەن خۆیەوە و بە نوێنەرایەتی لە لایەن هەموو ڕیزەکانی حیزبەوە، هاودەردی و سەرەخۆشی بە بنەماڵەی خاڵەحەمە و بریندارەکانی ئەم ڕووداوەو ڕێبە ری و سەرجەم کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕادەگەیەنێ و چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکانی ئەم ڕووداوە بە ئاوات دە خوازێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**نەورۆزی ١٣٩٠**
**٢١ ی مارسی ٢٠١١**

## سزادرانی پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە

یەکیەتیی ئورووپا بە شێوەیەکی روون پێشێلکەرانی مافی مرۆڤی لە ئێران بەرەورووی سزادان دەکاتەوە.

یەکیەتیی ئورووپا رایگەیاندوە کە ئەم یەکیەتییە لە سەر ئەوە رێک کەوتووە کە بە توندی ئەو بەرپرسە ئێرانییانە بەرەورووی سزا بکاتەوە کە لە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەستیان هەیە.

وەزیرانی دەرەوەی ٢٧ وڵاتی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا لە دانیشتنی رۆژی دووشەمە ٢١ی مارس دا بە روونی رایانگەیاندوە کە یەکیەتیی ئورووپا پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە قاو دەدا و روونیشیان کردۆتەوە کە ئەم کارەی یەکیەتیی ئورووپا گرتنە پێشی هەنگاوێکی بەپەلە و جیدی لەپێناو بەرتەسک کردنەوەی کارو چالاکیی هەموو ئەو بەرپرسە ئێرانیانەیە کە مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتەدا پێشێل دەکەن.

وەزیرانی دەرەوەی هەر ٢٧ وڵاتەکەی یەکیەتیی ئورووپا لە بەیاننامەیەکدا وێرای نیگەرانی دەربڕین لە خراپیی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران رایانگەیاندوە کە شالاوی ئێعدامەکان زەنگێکی مەترسییە لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی بەرنامە بۆداڕێژراوی خەڵکی ئێران لەلایەن دەسەڵاتەوە.

لە درێژەی ئەو بەیاننامەیەدا بە ئاماژە بە سەرکوتی چالاکانی مافی مرۆڤ و مافناسان، رۆژنامەنووسان، چالاکانی ژنان، وێبلاگ نووسان، بەرهەڵستکارانی سیاسی، نەتەوەیی و مەزهەبی رایگەیاندوە کە، ئەمانە بە تاوانی ئەوەیکە دەیانهەوێ داکۆکی بکەن لە ئازادیی رادەربڕین و کۆبوونەوەو مافی هاووڵاتیبوون خراونەتە بەر ئازارو ئەشکەنجەو سووکایەتی پێکردنەوە.

## کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی هەمبەر بە بڕیاری دیاریکردنی لێکۆڵەری تایبەتی مافی مرۆڤ بۆ ئێران

دوای ئەوەی شۆرای مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری دا کە بە مەبەستی لێکۆلینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لیکۆلەرێکی تایبەتی بۆ ئەم کارە دەست نیشان دەکا، کۆماری ئیسلامیی ئێران رایگەیاندوە کە دەستنیشان کردنی نێردراوی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی سیاسییە و لە روانگەی ئەوانەوە هیچ بایەخیکی نیە.

رۆژی هەینی ٥ ی خاکەلێوە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە دژکردەوە بەم بڕیارەی شوورای مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان ئیدیعای کردوە کە ئەو بڕیارە بڕیارێکی سیاسی و دژ بە ئیرادەی خەڵکی ئێرانە.

ڕامین مهمانپەرست لە گەڵ ئەوەی ئەو بڕیارەی بە ناماقوڵ ناو بردوە، ئیدیعای ئەوەشی کردوە کە ئەو وڵاتانەی کە بڕیارنامەکەیان پەسند کردوە، لە ژێر فشاری ئەمریکا دا ملیان بۆ پەسند کردنی بڕیارەکە داوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی خاکەلێوە لە کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا و لە سەر پێشنیاری وڵاتانی سوئێد و ئەمریکا و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی بەشدار، بڕیارنامەیەک تایبەت بە دیاریکردنی نێردراوێکی تایبەتی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران پەسند کرا.



شایانی باسە کە ئەو بڕیارە لە کۆبوونەوەی شوورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و لە کۆی ٤٧ وڵاتی بەشدار، بە ٢٢ دەنگی ئەرێ و ١٤ دەنگی بێلایەن پەسند کرا و ٧ وڵاتیش دژی پەسند کرانی ئەو بڕیارە وەستانەوە.

## شووڕای مافی مرۆڤ بە دژی ئێران بڕیارنامەیەکی پەسند کرد

٢٢ وڵاتی ئەندامی شوورای مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سەر پەسند کردنی بڕیار نامەیەک بە دژی ئێران لە سەر ناردنی لیکۆڵەری تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بۆ ئێران رێک کەوتوون.

ئەم بڕیار نامەیە لە پاش پێشکەش کردنی راپورتێک لە سەر دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، لە لایەن سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە رۆژی پێنج شەممەدا پەسند کرا.

هەیئەتی نوێنەرایەتیی ئێران لەو کۆڕەدا لە جیاتی بەرگری لە خۆیان، رەخنەیان لە پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئەمریکا گرت و شوورای مافی مرۆڤیان بە شوورایەک ناو برد کە « کەڵکی خراپی» لێ وەرگیراوە.

نوێنەری کۆماری ئیسلامی لەو کۆڕەدا نەیتوانی کە تەنانەت پشتیوانیی برزیلیش وەدەست بهێنێ کە چەندین مانگە کاری لە سەر دەکەن.

به باوەڕی نوێنەری رێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و دیپلۆماتەکانی ئامادە بووی ئەو کۆڕە، ئەوە یەکێک لە گەورەترین شکستەکانی ئێران لە دنیای دەرەوەدایە.



چین، پاکستان و کووبا و بەنگلادش لەو وڵاتانە بوون کە دەنگی نەرێنییان بەو بڕیارنامەیە دا.

## رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن: ئێران لە پلەی دووهەمی ئیعدامەکان لە جیهاندایە

رێکخراوی نێونەتەوەیی لێبوردن کە یەکێک لە رێکخراوە نێونەتەوەییەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤە، لە راپورتی ساڵانەی خۆیدا لە سەر دەرکردن و جێبەجێ کردنی حوکمی ئیعدام لە وڵاتە جۆربەجۆرەکانی دنیادا، ئێرانی وەک دووهەمین وڵات لە بواری ئیعدامدا ناساند.




دەوڵەتی چین هیچکات ئاماری رەسمیی ئیعدامەکان بڵاو ناکاتەوە، بەڵام لێبوردنی نێونەتەوەیی وای بۆ دەچێ کە لە ساڵی ٢٠١٠ دا چەند هەزار کەس ئێعدام کرابن.

بە پێی هەواڵی بی بی سی، سەرچاوە دەوڵەتییەکانی ئێران ٢٥٠ ئیعدامیان لە ساڵی رابردوودا راگەیاندوە کە ٥ ژن و مێرمنداڵێکیشی تێدا بووە، بەڵام لێبورنی نێونەتەوەیی پێی وایە کە لە ساڵی رابردوودا زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە سێدارە دراون و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەواڵەکەی بڵاو بکەنەوە.

بە وتەی لێبووردنی نێونەتەوەیی زۆربەی ئەو پەروەندانەی کە بە ئیعدام کۆتایی پێ دێ، پێوەندی بە مادە سڕکەرەکان و چالاکیی سیاسی و رەخنەگرانی دەسەڵاتەوە هەیە.

ئەو رێکخراوە بە تایبەتی ئاماژە بە تۆمەتی «موحاربە لە گەڵ خودا» دەکا و دەڵێ ئەم تاوانە هەتا ئێستا لە یاسای کۆماری ئیسلامیدا پێناسە نەکراوە، بەڵام بۆ سەپاندنی سزای ئێعدام بە سەر ناڕازیان و رەخنەگراندا کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

لەم راپورتەدا هاتوە کە دەرکردن و جێبەجێ کردنی سزای ئیعدام لە ساڵی رابردوودا بە دژی چالاکانی نەتەوەکانی دیکە لە ئێراندا بەردەوامە و تا کۆتایی ساڵ لانیکەم شەش چالاکی سیاسیی کورد لە سێدارە دروان و ئێستا زیاتر لە ١٦ کەس لە ژێر حوکمی ئێدام دان.

لە پاش چین و ئێران، وڵاتانی کورەی باکوور و یەمەن و ئەمریکا لە پلەی سێ و چوار و پێنجی ئێعدامەکان دان.

# پەیامی
# دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# بۆ بنەماڵەی شەهیدان

بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان!

هەر کام لە ئێوە لە پێناوی رزگاریی نەتەوەکەتان و بەرەوپێشچوونی خەباتی نەتەوەیی وئازادیخوازیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، ئەندامێک وهیندێکتان زیاتر لە ئەندامێکی خۆشەویست وبەنرخی بنەماڵەکەتان لەدەست داوە. دەزانین رەنج و مەینەتی ئێوە هاوسەرانی شەهیدەکان وئەرکی قورسی سەرشانتان لەسەرپەرستی و پێگەیاندنی جگەرگۆشەکانتان- بەرهەمی ژیانی هاوبەشی خۆتان وهاوسەری شەهیدتان دا- لە گوتن نایە. خۆزیا و تاسەی منداڵانی ناز لێشیواوتان، بێبەشییەکانیان وکۆسپەکانی سەر رێگای ژیانیان بە تایبەتی لە وڵاتێکدا کە «دوژمن لەسەری زاڵە»، لەمەمانان شاراوە نین. مەگەر هەر ئێوە لە دەرد وئێشی دابڕانی هەمیشەیی دایک و بابەکان لە رۆڵەی شەهیدیان و براڕۆی خۆشکان و ناسۆری برای خۆشک لەداردراو تێ بگەن.

رێگەمان بدەن لە رۆژی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان دا، لە ئاست گەورەیی وبەخشندەییتان و وەک رێزگرتن لەو هەمووە بێبەشی و رەنج وکەسەر وکوێرەوەرییەی لە پێناوی سەربەرزیی نەتەوەکەتان وبەردەوامیی خەباتی ئازادیخوازانەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا لە خۆتان گرتوە، بەرامبەر ئێوە وگیانی پاکی شەهیدەکانتان سەری رێز دانەوێنین. ئێمە لەوە بەداخین کە حیزبەکەتان بە هۆی هەلومەرجی سەختی خەبات و بارودۆخی تایبەتیی تێکۆشان نەیتوانیوە بەو شێوەیەی شیاوی ئێوەیە، ئاوڕتان لێ بداتەوە وپێتان رابگا. بەڵام هەست بە سەربەرزی دەکەین کە هەم ئێمە، سەرەڕای هەموو سەختییەکان، بەو پەیمانە وەفادارین کە بە شەهیدەکانمان داوە و لەسەر خەبات تا وەدیهاتنی ئامانجی هاورێ و هاوسەنگەرە شەهیدەکانمان بەردەوامین. هەم ئێوە، لەبەرز راگرتنی ناوی شەهیدەکانتان و وەفادارییی بە ئامانجەکانیان غافل نین.

گڤەبای دێموکراسیخوازی لە ناوچەکەماندا هەڵی کردوە و تەخت و بەختی دیکتاتۆران و ستەمکارانی هێناوەتە لەرزین. دڵنیاتان دەکەین لە داهاتوویەکی نە زۆر دوور دا فیداکاریی رۆڵەکانی ئێوە وهەموو شەهیدانی رێگای ئازادی بەرهەم دەدا و رێژیمی زۆردار و خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی، بەرەورووی هەر ئەو چارەنووسە دەبێتەوە کە رێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە یەک بەدوای یەک دا تووشی دەبن. ئەوکات لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان و لە گۆڕەپانی سەرەکیی هەموو شارەکان، گەلەکەتان میداڵی شانازی لەبەرۆکی ئێوە بنەماڵە سەربەرزەکانی کوردستان دەدا.

بە هیوای ئەو رۆژە،

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٠**
**٣٠ مارسی ٢٠١١**

# بەرێوەچوونی ریوڕەسمی رۆژی شەهیدانی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب



کومیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەیانیی رۆژی چوارشەممە، ١٠ ی خاکەلێوە بە بۆنەی رۆژی شەهیدانی کوردستان رێوڕەسمێکی تایبەتیی بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە برد.

ئەو کۆڕیادە بە دەقیقەیەک راوەستان بە بێدەنگی بۆ بەرز راگرتنی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێ کرد، پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان لە لایەن کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە خوێندرایەوە.

بەشی دووهەمی ئەو کۆڕیادە بۆ سمینارێک بۆ بەڕێزان عومەر باڵکی، برایم زێوەیی و مستەفا مەعروفی، ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەرخان کرابوو.

کاک عومەر باڵکی لە سەرەتای باسەکەیدا کە بۆ باس لە سەر لایەنە حقوقییەکانی دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەممەد تەرخانی کردبوو، ئاماژەی بەوەدا ئەو دادگایە نەک بە مەبەستی دادگایی کردنی قازی محەممەد و مەحکوومکردنی ئەو و هاورێیانی، بەڵکوو بۆ مەحکوومکردنی دەنگ و ئیرادەی ماخوازیی نەتەوەی کورد رێک خرابوو.

بەرێزیان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لایەنە حقوقییەکانی ئەو دادگاییە فەرمایشییەی روون کردەوە و باسی ئەوەی کرد کە لە سزاخواستی قازی محەممەد دا ١٢ تاوان ریز کرابوون، بەڵام لە کاتی ئەو دادگایی کردنەدا ئەوە قازی محەممەد بوو کە بە بەرپەرچدانەوەی ئەو تاوانانە، بەرگریی لە خاک و نیشتمان و باوەڕە سیاسییەکانی نەتەوەکەی کرد.

کاک برایم زێوەیی کۆڕگێری دیکەی ئەو سمینارە باسەکەی بۆ لێکدانەوەی کەسایەتیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی قازی محەممەد تەرخان کردبوو.

بەرێزیان پاشان بە وردی بە خستنە بەرچاوی خەسڵەتە تایبەتییەکانی قازی محەممەد کەسایەتی و لایەنە بەرچاوەکانی کەسێتیی پێشەوا قازی محەممەدی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسیدا شی کردەوە.

کاک مستەفا مەعرووفی سێهەم کۆڕگێری ئەو سمینارە بوو کە لە باسەکەیدا رۆڵی قازی محەممەدی لە سەر رووداوە سیاسییەکانی سەردەمی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی شی کردەوە.

بەرێزیان رووداوی مێژوویی دامەزرانی کۆماری کوردستانی بە لەبەرچاوگرتنی دوو فاکتۆری کات و شوێن لیک دایەوە و لەو نێوەدا بە ئاماژە بە کەسێتی و رۆڵی داریکەر و گاریگەری پێشەوا باسی لەوە کرد کە قازی محەممەد توانی زۆر ژیرانە فاکتۆڕی کات و شوێن بە قازانجی جووڵانەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد بقۆزێتەوە.

بەشی دووهەمی رێوڕەسمیی تایبەتیی رۆژی شەهیدانی کوردستان بۆ ئامادە بوون لە سەر گڵکۆی شەهیدان تەرخان کرابوو.

کاتژمێر ٣ ی دوانیوەڕۆ کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵە و بنەماڵەکانی بەشیک لە شەهیدانی کوردستان سەردانی مەزاری شەهیدانیان کرد و بە دانانی چەپکە گوڵ لە سەر گڵکۆی شەهیدان بەڵێن وەفادارییان لە گەڵ نوێ کردنەوە.

لەو برگەیەدا کاک حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاجە گوڵی وەفاداری لە سەر مەزاری کاک سەید سەلام عەزیزی، ئەندامی کۆچکردووی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دانا.

دوایین بەشی ئەو رێوڕەسمە بۆ سەردانی پیشانگای وێنەی شەهیدان تەرخان کرابوو.

لەو بەشەدا ئامادەبووانی ریوڕەسمی ١٠ ی خاکەلێوە سەردانی پیشانگای وێنەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد کە وێنەی زیاتر لە ٣٠٠٠ شەهیدی لە خۆ گرتبوو.

## پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی
# بە بۆنەی ١٠ی خاکە لێوە
# (رۆژی شەهیدانی کوردستان)ەوە

١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێکانی بە فەرمانی حەمە رەزا شای پەهلەوی یە. رۆژی یادکردنەوەی هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی و رزگاریی کوردستانە.

رۆژی سەردانی بنەماڵەی شەهیدان و رۆژی چوون بۆ سەر گڵکۆی ئەو نەمرانە و رۆژی نوێکردنەوەی وەفاداری بە ئامانجەکانیان و رێگا پیرۆزەکەیانە.

٦٤ساڵ پێش لە ئێستا لە رۆژێکی وەک ئەمڕۆ دا بەبڕیار و فەرمانی شای ئێران ، پێشەوا قازی محەممەد و سەیفی قازی و سەدری قازی و دواتر ژمارەیەک لە ئەفسەرانی کۆمار و تێکۆشەرانی کوردی شارەکانی بۆکان، سەقز و مەهاباد لە سێدارە دران.ئەو رێژیمە پێی وابوو بە لە سێدارەدانی پێشەوا و هاورێیان و هاوبیرانی ئەو، خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بۆ هەتا هەتایە لە نێو دەبا و ئیدی کەس ناتوانێ و ناوێرێ درێژەدەری رێگای ئەو شەهیدانە بێ و بۆ جارێکی دیکە باس لە ئازادی و سەربەستی بکا. بەڵام هەر ئەو کات پێشەوا لە دوا ساتەکانی ژیانی دا بە وتە مێژوویی یەکەی، هەڵە بوون و بێ بناغەیی ئەو جۆرە بۆچوونەی لە دوژمنان گەیاند و پێی گوتن «ئێوە بە کوشتنی من قازی محەممەدێک ئیعدام دەکەن،بەڵام لە دوارۆژدا هەر لاوێکی ئەو کوردستانە دەبێ بە قازی محەممەدێک» و هەموو لایەکمان بە گشتی و دوژمنانمان







بە تایبەتی دروستیی ئەو وتە مێژووییەیان بۆ دەرکەوتوە و دەبینین لە سەرانسەری کوردستاندا و هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانی پێشەوای مەزن و هەموو شەهیدانی کوردستان ئەو خەباتە بەردەوام دەبێ.

ئەو خەباتە لە پسان نەهاتوویە وای کردوە کە بزووتنەووەی کورد لە هەلومەرجی ئێستادا بتوانێ ژێرانە لە هاوکێشە سیاسی یە ناوچەیی و نێونەتەوەیی یەکان بە قازانجی بەرەو پێشبردنی ئامانجە رەواکانی کەڵک وەربگرێ و کێشەی کورد وەک مەسەلەی نەتەوەیەکی دەیان میلیۆنی کە بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس خەبات دەکا بە دنیا بناسێنێ.

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

ئەمڕۆ کە لە یاد کردنەوەیەکی ئەمەگدارانەدا سەری کڕنۆش لە بەر بارەگای پێشەوای مەزن، سەر قافڵەی شەهیدانی کوردستان دادەنوێنین بۆ باس لە کەسایەتیی پێشەوای نەمر باشتر وایە بچینەوە ئەو کات و ساتە کە پێشەوا تێیدا ژیاوە. با تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو زاتە لە زمانی رۆژنامەی «کوردستان» چاپی رۆژی یەکشەممە ٢٦ی رەشەمەی ١٣٢٤ بەرامبەر بە ١٧ی مارسی ١٩٤٦ بە کورتی بخوێنینەوە::

«حەزرەتی قازی محەممەد، پێشەوای کوردستان هەر لە منداڵییەوە خاوەنی گیانێکی بەرزو بە هێز بووو نیشانەی گەورەیی، شوجاعەت، لەخۆ بوردن دەویدا دیاری دەدا و خوو و رەوشتی دەگەڵ هەموو تەبەقەیەک رێ کەوتووە و تێکەڵی دەگەڵ هەموان هەیە، سیفاتی نیشتمانپەرستی و میللەت پەروەری بە تەواوی دە جەنابی محەمەدی قازی پێشەوای کوردستان دا کۆ بۆتەوە و پاشکەوتنی هاوخوێنەکانی لە فەرهەنگ و شارستانییەت هەمیشە دڵی وی بریندار دەکا بۆیە ئەکسەری وەختی تەمەنی خۆی لە راهنمایی میللەتەکەی بۆ شەقامی خوێندن،زانست،تەمەدوون بەخت کردووە..

جەنابی محەمەدی قازی دەگەڵ دوژمنانی شەخسی خۆی بەمودارا و دەگەڵ دۆستان بە وەفایە،بەڵام ناتوانێ لە موقابیل دوژمنانی نیشتماندا مودارا بنوێنێ».

هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا ئەوە دەقێکی کورت بوو کە ٦٦ ساڵ لەمەو بەر باس لە سیفاتە بەرزەکانی پێشەوای مەزنی کوردستان دەکا و هەر ئەو سیفاتە بەرزانە بوون کە قازی محەمەدیان کردە پێشەوای کوردستان و یەکەم سەرکۆماری کوردستان. هەر چەند دوژمنان رێگایان نەدا تەمەنی کۆماری کوردستان و پێشەواکەی درێژ بێتەوە بەڵام هەر ئەو تەمەنە کورتە بوو بە هەوێنی خەباتێکی بێ پسانەوە ، وای کرد کە شۆرشگێڕان و ئازادیخوازان لە دەوری یەکتر لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا کۆبنەوە و ئیزن نەدەن ئاڵای ئەو خەباتەی پێشەوا و هاورێیانی کە لە پێناوی دا شەهید بوون، بکەوێتە سەرزەوی.

**تێکۆشەرانی دیموکرات!**

حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەلومەرجێک دا یادی ١٠ی خاکەلێوە دەکاتەوە کە خۆی بۆ بەستنی کۆنگرەی ١٥ ئامادە دەکا. لە هەمان کاتدا دنیا بە گشتی و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە تایبەتی لە حاڵی ئاڵوگۆڕێکی بەرین دایە و حکوومەتە دیکتاتۆر و مەلهورەکان بە هۆی راپەڕینی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئەو وڵاتانە یەک بە دوای یەک تێکەوە دەپێچرێن و شنەبای ئازادی لە سەرانسەری ناوچەکەدا ئاڵای سەرکەوتن دەشەکێنێتەوە، مزگێنیی سەردەمێکی نوێ دەدا کە تێیدا دیکتاتۆرەکان جێیان نابێتەوە..

حیزبەکەمان، حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەدەستی پێشەوای شەهید قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان دامەزراوە و لە سەردەستی ماموستای ناوداری کورد دوکتۆر قاسملووی شەهید نوێ کراوەتەوە، شانازییەکی گەورەیە کە ئێمە، قوتابیی مەکتەبی ئەو گەورە پیاوانە بین .با لە رۆژی ١٠ی خاکەلێوە رۆژی شەهیدانی کوردستان دا، جارێکی دیکە هەموومان لە ئاست و ریزی جۆراوجۆری حیزبی دا، پەیمان نوێ بکەینەوە کە هەتا بەدیهێنانی ئامانجەکانی شەهیدان لە خەبات و تێکۆشان دابین و شیاوی ئەو شانازییە و هەڵگری ئەو ریسالەتە مێژوویی یە بین کە مێژوو خستوویەتە سەرشانمان.

ئێستا کە بە پێشوازی کۆنگرەی ١٥ی حیزبەکەمانەوە دەچین دەبێ لە بیرمان بێ کە بە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بزووتنەوەی رزگاریخواز و نەتەوەیی کوردستان کەوتە سەر رێبازێکی نوێ. لە سەردەمی بووژانەوەش دا بە رێبەریی شەهید د. قاسملوو زۆر شتی تازە هاتە نێو ئەم حیزبە. لە حاڵی ئێستاش دا پێویستە هەمیشە لە حاڵی نوێ بوونەوە و بەرەو پێشچوون دا بین و شتی نوێمان پێ بێ هەتا هەمیشە جێی هومێد و باوەڕ و متمانەی کۆمەڵانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بین..

گیانی بەرزی پێشەوای نەمر و هەموو رێبەرانی شەهیدمان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان ئەوەمان لێ دەخوازن کە درێژەدەری رێگایان بین و هەموو کاتێک لە حاڵی نوێبوونەوە و بووژانەوە و گەشانەوە ی بەردەوام دابین.

نەمری بۆ گیانی پێشەوا قازی محەممەد و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی و رزگاریی کوردستان.

شەکاوە بێ ئاڵای خەبات بۆ وەدیهێنانی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کومیسیونی کۆمەڵایەتی**
**١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩٠**
**٢٠١١/٣/٣٠**

# ڕەهەندەکانی بڕیاری شووڕای مافی مرۆڤ لەبارەی ئێرانەوە

قادر وریا

بەشی یەکەم

لە ٢٤ی مارسی ئەمساڵدا، شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە زۆرایەتیی دەنگی وڵاتانی ئەندام، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی سەبارەت بە پێشێلکردنی لە ڕادەبەدەری مافی مرۆڤ مەحکووم کرد و لەسەر بناغەی ئەم مەحکوومییەتە، بڕیاری دا لێکۆڵەری تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ بۆ ئێران دیاری بکا. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ تیشک بخرێتە سەر چەند ڕەهەندێکی ئەم بڕیارە:

**بەستێن و زەمینەی ئەم بڕیارە:**

کۆماری ئیسلامی، جگە لەوەی لە درێژایی تەمەنی ٣٢ ساڵەی و بە شێوەیەکی گشتی کارنامەیەکی خراپی لە پێوەندی لەگەڵ مافی مرۆڤدا هەیە، لەم چەند ساڵەی دواییش دا بێ پەروا لە هەر چەشنە بەدواداچوون و لێپرسینەوەیەکی جیهانی، ماف و ئازادییە مرۆییەکانی پێشێل کردوە. ئەم ڕێژیمە لە سەر یەک ٢٩ جار لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کراوە کە دواجار لە ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٩دا بوو.

بایەخنەدانی کۆماری ئیسلامی بە ڕەخنە و مەحکوومکردنەکانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و بەردەوامیی ڕەوشی دڵتەزێنی مافی مرۆڤ بوو بە هۆی ئەوە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی دا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان میکانیزمی دیاریکردنی لێکۆڵەری تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران دا بە کار بێنێ.

بە شوێن هاتنە سەر کاری ڕێفۆرمخوازان و لە سەردەمی سەرکۆماریی خاتەمی دا، هەوڵ درا سیمایەکی نوێ لەم ڕێژیمە پێشان بدرێ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا و هتد وا تێ بگەیەنرێن کە نیزام لە سەردەمی تازەدا دەیەوێ بە خۆی دا بچێتەوە و لە بواری جۆربەجۆر و یەک لەوان لە بواری مافی مرۆڤ دا، گۆڕان بە سەرخۆی دا بێنێ. ئەم جۆرە هەوڵانە، جگە لەوەی کۆتایی هاتن بە کارکردی لێکۆڵەری تایبەتیی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی لێ کەوتەوە، چەند ساڵێکیش ڕێژیمی ئێرانی لە مەحکوومکردن لە لایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرباز کرد. بەڵام بەو هۆیەوە کە هەم یاساو ڕیساکانی ئەم ڕێژیمە لە جەوهەری خۆیان دا دژە مرۆیین، هەم پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی هیچ چەشنە تەبایی و




گونجاوییەکی لەگەڵ دیموکراسی و مافە مرۆییەکاندا نییە، هیچ گۆڕانێک بە قازانجی مافی مرۆڤ نەهاتەکایەوە.

لە دوای کۆتایهاتنی سەردەمی ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی و دەست بەسەرگیرانەوەی هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات و بڕیاردان لەلایەن پاوانخوازانەوە، جارێکی دیکە سەرکوتی مافی مرۆڤ بێ پەروا لە ڕەخنەو مەحکوومییەتی جیهانی دەستی پێ کردەوە. ئەم دۆخە لە دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نارەزایەتی بە شوێن کودەتای ٢٢ی جۆزەردانندا، ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر بوون چوو. کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی خوێناویی نارازییان و خۆپیشاندەران، لە بەکارهێنانی توندترین ئەشکەنجە و سووکایەتی دژی بەندییەکان، لە وەرێخستنی دادگای ڕواڵەتی و ئابڕووبەرانەدا، لە داخستنی گۆڤار و سایت و ویبلاگەکان و کۆنترۆڵکردنی ئینتێرنێت و سنووردار کردنی ئامرازەکانی پێوەندی، لە ئیعدامی نارازییان و لە دژایەتیی کەمایەتییە ئایینی و نەتەوەییەکان دا، چۆوە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی دنیا.

سەنجراکێش ئەوەیە شانبەشانی بەرەوپێشبردنی ڕەوتی سەرکوتکردنی ماف و ئازادییە مرۆییەکان و گوێنەدان بە نارەزایەتی و ڕەخنەی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ، هەوڵێکی دیپلۆماسیی بەرینی بە مەبەستی ئەندامەتی لە شووڕای مافی مرۆڤ و بە دەستهێنانی دەنگی وڵاتانی دیکە دەست پێ کرد. بەڵام هەردووی ئەم هەوڵانە تێک شکان. کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کارنامەی ڕەشی لە بواری مافی مرۆڤدا، لەگەڵ دژایەتیی توندی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەرەوروو بوو، و کاتێک دڵنیا بوو کە هەوڵەکەی بێجگە لە شکان، ئاکامێکی نابێ، لە دوای ئەندامەتیی لەو شوورایەدا، پاشگەز بۆوە.

هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی دەنگی زۆرایەتیی وڵاتانی ئەندامی ئەو شوورایە بۆلای خۆی ڕابکێشێ و مەحکوومکردنی خۆی لە لایەن ئەو شوورایە پووچەڵ بکاتەوە، وەک هەوڵەکەی پێشوو بێ ئاکام مایەوە. وڵاتانی عەرەبی کە جارانی پێشوو بە قازانجی ئەو ڕێژیمە دەنگیان دەدا، ئەم جار بێ لایەن بوون وڵاتی برێزیل کە لە مێژ بوو ڕێژیمی ئێران هەوڵی دەدا بە لای خۆی دا ڕابکێشێ، بە دژی ئەو ڕێژیمە دەنگی دا، و کۆمەڵێک وڵاتی دیکە کە کۆماری ئیسلامی چاوەڕوان بوو بە دژی بڕیارنامەی پێوەندیدار بە ئێران دەنگ بدەن، بێدلیی ئەو ڕێژیمەیان کرد.

بەم جۆرە پەسندکرانی بڕیارنامەی مەحکوومییەتی ئەو ڕێژیمە و بڕیاری دیاریکرانی لیکۆلەر بۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، لە دوو بارەوە بۆ ئەو ڕێژیمە شکست و ئابڕووچوون بوو. شکستێکی دیپلوماتیک بوو. چونکە هەموو هەوڵەکان بە مەبەستی پێشگیری لە پەسند کرانی ئەو بڕیارە لەگەڵ شکست بەرەوروو بوون. لەباری ئیعتیبار و حەیسیەتیشەوە زەبرێک بوو بۆ ئەو ڕێژیمە. چونکە دیاریکرانی لێکۆڵەری تایبەتی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ وڵاتێک، بەو مانایەیە کە ڕەوشی مافی مرۆڤ لەو ولاتە، لە حاڵەتێکی قەیرانی دایە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی متمانەی خۆی بە ڕێژیمی ئەو وڵاتە لە پێوەندی و هاوکاری لە بواری مافی مرۆڤدا لە دەست داوە.

**لە بەشەکانی دیکەی ئەم وتارەدا، هەوڵ دەدرێ تیشک بخرێتە سەر گرینگی ئەم بڕیارە و ئەرکی تێکۆشەرانی بواری مافی مرۆڤ بە دوای ئەم بڕیاریدا.**

# ئەو گوڵەی لە بیابان دا ڕووا

وریا ڕەحمانی

لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی ڕێکەوتی ٣٠ مارسی ١٩٤٧ی زایینی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد، واتە هەر لەو شوێنەی کە لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیێندرابوو، پێشەوا و سەرۆک کۆماری گەلی کورد قازی محەممەدی نەمر لەگەڵ حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی و ئەبولقاسمی سەدری قازی بە دەستی ڕەشی ڕێژیمی پاشایەتیی ئێران لە سێدارە دران و شەهید بوون. ئینجا لە گۆڕستانی مەلاجامی مەهاباد دا بۆ هەمیشەی مێژوو بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپێردران.

پێشەوا قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی لە دایکبووی ساڵی ١٢٧٩ی هەتاوی لە شاری مەهابادو لە بنەماڵەیەکی زانست پەروەرو ئایینی دا چاوە پڕ لە خۆشەویستی و نیگەرانییەکانی بە ڕووی خاک و نیشتمانە پیرۆزەکەیدا هەڵێنا و هەر لە سەرەتای منداڵییەوەی وەک مرۆڤێکی هەڵکەوتە خەریکی خوێندن و خۆپێگەیاندن و فێربوونی قۆناغە بەردەوامەکانی زانست و ئینسانییەت بوو، و زیاتر لە چەندین زمانی زیندووی دنیا وەک ئینگلزی، فەرانسەوی، ڕوسی، عەرەبی، تورکی، فارسی و زاراوە جۆراوجۆرەکانی کوردیی دەزانی. لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زانستی و مرۆڤایەتی دا سەرامەدی هەموو کۆمەڵگاکەی بوو، و بە دوای کۆچی دوایی باوکی دا لە ساڵی ١٣١٣ وە وەک قازیی شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان بە گشتیی ناسرا. هەروەها ماوەی چەندین ساڵ بەرپرسایەتیی ئیدارەی فەرهەنگ و مەعاریفی ناوچەکەشی لە ئەستۆ بوو، و لەم بەستێنەشدا خزمەتێکی بەرچاوی بە خەڵک و هاونیشتمانانی کردووەو بۆ نموونە یەکەم قوتابخانەی کچانەی لەو سەردەمەدا لە مەهاباد کردۆتەوە. دوای دامەزرانی کۆمەڵەی (ژ ـ ک) پێشەوا قازی محەممەدیش بەناوی نهێنی بینایییەوە ئەندامەتیی لەو ڕێکخراوەیەدا وەرگرت و پاش ماوەیەکی یەکجار کورت لەسەر داوای ئەندامانی (ژ ـ ک) وەک دیارترین و لێوەشاوەترین کەسی نێو کۆمەڵە بە کردەوە بەرپرسایەتی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەئەستۆ گرت. لە ئاکامی دەرکی گونجاوو بوێرانەی سیاسیی پێشەوا و بە دەرئەنجام گەیشتنی ئەندامانی دیکەی سەرەکیی ( ژ ـ ک) دا بوو کە کۆمەڵەی (ژ ـ ک) بوو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و وەک حیزبێکی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی سەردەم دەستی بە تێکۆشان و چالاکیە سیاسییەکانی خۆی کرد. قازی محەممەد لەبەر حورمەتی تایبەتیی بۆ کۆمەڵەی (ژ ـ ک) ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتیشی لە ٢٥ی گەلاوێژدا ڕاگەیاند و بەم شێوەیەش سەرنج و خۆشەویستیی زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵەی (ژ ـ ک)ی بۆ لای حیزبی دێموکرات ڕاکێشا.

پێشەوا قازی محەممەد بە لەبەرچاوگرتنی لاواز بوونی حکوومەتی ناوەندیی ئەو کاتی ئێران و دەستەبەرکردنی پشتگیریی یەکێک لە گەورەترین زلهێزانی ناوچەیی و جیهانیی سەردەم، بە دەرکی قووڵ و تێگەیشتنێکی شایانی



سیاسی لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە نێو ئاپۆڕای بەرینی خەڵکی کوردستان دا حکومەتی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی سیاسی و نەتەوەیی بۆ گەلی کورد تۆمار کرد. ئەگەرچی ماوەی حکومەتی کۆماری کوردستان و سەرکۆماریی پێشەوا قازی محەممەد زۆر کورتخایەن بوو، و لە ١١ مانگ تێنەپەڕی، کەچی هەر لەو ماوە کەمەشدا کۆمەڵێک کاری یەکجار بە نرخ و بایەخداری ئەنجام دان کە لە هەمیشەی مێژوودا وەک شانازی بۆ حکومەتی کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد دەمێنێتەوە. دامەزراندنی یەکیەتیەکانی لاوان و ژنان، پەرەپێدان بە پەروەردەو سیستمی خوێندن و فێرکاری بە زمانی کوردی، گەشەی هونەر و ئەدەبیات، و ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەندرووست، پێکهێنانی فەزای ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە دەیان کارو کردەوەی بە نرخی دیکە تەنیا بەشێکن لە گەورەییەکانی کۆمار و پێشەوای نەمر. کەچی بەداخێکی گرانەوە لە بەر هەندێک فاکتەری دەرەکی و نێوخۆییەوە ئەم دەسەڵاتە ڕازاوەیەو ئەم دەستە بلاوێنە دەوامێکی زۆریان نەبوو، و دوای تەنیا ٣٣٠ ڕۆژ لە تەمەنی کۆمار لەگەڵ هێرشی ئەرتەشی شاهەنشاهیی ئێران حکومەتی کۆماریش ڕووخاو پێشەواو هاورێکانیشی بە دیل گیران. ئینجا لە ماوەی چەند مانگ دەستبەسەر بوونیان لە ئاکامی ٢ دادگای ناعادڵانەو فەرمالیشی دا بە مەرگ مەحکوم بوون و ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد لە سێدارەی ڕەشی داگیرکەرانی کوردستان دران.

سەروان شەریفی کە لە جەریانی دادگا دا وەکیلی پێشەواو هاورێکانی بووە دەگێڕێتەوەو دەڵێ « قازی محەممەد لە هەر دوو جاری دادگاییەکەی دا زیاتر لە ٤ کاتژمێر قسەی کردووە و لە ڕاستیدا ئەوە ئەو بوو کە حکومەتی ئێرانی دادگایی دەکرد و دەیبردە ژێر پرسیارەوەو بە تەواوی باردۆخەکەی دادگای لە ژێر کۆنترۆلی خۆی دا گرتبوو. نەجەفقوڵی پەسیان دەڵێ: « لە کاتی دادگاییەکە دا پێشەوا پەلاماری دەبردە سەر ئاکارو سیاسەتەکانی حکومەتی تاران و دەیگوت ئەوا من لە کونجی گرتووخانەوە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە و لە دژی دەوڵەتی تاران و کاربەدەستەکانی دا دەڵێم کە تاوانبار ئێوەن، ئێوە وڵاتی ئێمەتان داگیر کردووە.

ڕۆژنامەنووسێک بەناوی سولەیمان ـ خ لە نووسراوەکانی دا دەڵێ: قازی گوتی «تەواوی ئەم بەرسەرهات و ڕووداوانە لە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی حکومەتی ئێرانەوەیە. ئەگەر دەوڵەت کوردان بە خائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵبگرێ. ئەگەر بە نیشتمان پەروەریشیان دەزانێ با لێگەرێ خۆیان کاروباری خۆیان بە دەستەوە بگرن. هەروەها کیومەرس ساڵحی کە وەک پەیامنێری گۆڤاری ئەرتەش لە دادگاییەکە دا بووە دەڵێ: قازی محەممەد لە بەشێک لە وتەکانی دا لە دادگا گوتی: من لە مێژە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردووە و بە باوەشی ئاواڵە پێشوازی لەو مەرگە سەربەرزانەیە دەکەم کە لە ڕێگای ڕزگاریی میللەتەکەم دا بکوژرێم. ئەوەش بەڵێنێکە و بە نەتەوەکەمم داوە کە لەگەڵیان بژیم و بۆ ئەوان بمرم، تازە چۆن بەڵێنەکەی خۆم دەشکێنم. کیومەرس ساڵحی دەڵێ من لە زۆربەی دادگا مەیدانی و سەربازییەکاندا بەشداریم کردووە، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بەم ڕادەیە بوێر و ئازا نەدیوە. قازی لە کاتی دادگادا نەیدەزانی ترس چییە و بەوپەڕی شەهامەتەوە ڕووبەڕووی دادگا دەبۆوە».

پێشەوا قازی محەممەد مرۆڤێکی ئازادئەندێش و دێموکرات، و ئەویندارێکی ڕاستەقینەی خاک و نیشتمانەکەی بوو، و لە کاتی لە سێدارەدانی دا فەرمووی: ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن بەڵام دڵنیا بن کە لە هەر دڵۆپە خوێنێکی منەوە بە سەدان قازی محەممەدی دیکە شین دەبێتەوە. داوا دەکەم لە گەلی کورد کە خەباتی خۆی لە پێناوی ڕزگاریی کوردستان دا هەرگیز پەک نەخا و باوەڕ بە دەوڵەتی داگیرکەری تاران نەهێنێ. ئەو ڕێز و خۆشەویستییەش بوو کە نەیهێشت لە کاتی لە سێدارەدانی دا چاوەکانی ببەستن و فەرمووی حەز دەکەم تا لە دوایین ساتەکانی ژیانیشم دا بە سەربەرزی و چاوی کراوەوە لە نیشتمانە خۆشەویستەکەم بڕوانم.

# گۆڕانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و داهاتووی کورد

مسعود رواندوست

شۆڕش و راپەڕینە دیموکراسیخوازانەکان کە زیاتر لە ٣ مانگ لەمەوبەر و لە تونیسەوە دەستی پێکرد و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتەوە، ئێستا زۆربەی ئەم وڵاتە تۆتالیتێرانەی لەگەڵ خۆپیشاندان و نارەزایەتییەک رووبەڕوو کردۆتەوە کە داخوازەکانیان بریتین لە یەکسانی، دادپەروەری، ئازادی و دیموکراسی.

لە لیبی، یەمەن، ئەلجەزایر، عەرەبستان، ئوردۆن، بەحرەین، کووەیت و سووریە خەڵک سەرەڕای سەرکوت و توندوتیژیی دەسەڵات هەروا لە مەیدان‌دان. ئەم رەوتە لە راپەڕین و خۆپیشاندانەکان و پەرەسەندنی خێرای لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر خاوەن را و کارناسی سیاسیی هێناوەتە سەر ئەم باوەڕە کە لە داهاتوویەکی نزیک‌دا ژێئۆپۆلۆتیک و نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕانی بەسەردا دێ و ناوچەکە شێوەیەکی دیکە بە خۆوە دەگرێ.

سێ مانگو نیو لەمەوبەر و کاتێک خەڵکی تونیس بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە گەندەڵیی رێژیمی بێن عەلی و هەژاری و نەداریی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیاندا رژانە سەر شەقامەکان و حکوومەتی بێنعەلییان رووخاند جگە لە بەشێک لە شارەزایانی سیاسی کەم کەس بیری لەوە دەکردەوە کە ئەم حەرەکەتە ئەوەندە پەرە بستێنێ کە هەموو حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچە لەگەڵ قەیرانی مەشرووعییەت بەرەوڕوو بکاتەوە و رووخانی یەک لە دوای یەکی دیکتاتۆرییە سی ساڵە و چل ساڵەکانی وڵاتە عەرەبییەکانی لێ بکەوێتەوە.

بەڵام ئێستا دوای نزیک بە چوار مانگ لە یەکەمین خۆپێشاندان لە شەقامی عەرەبی‌دا دیکتاتۆرەکانی تونێس و میسر رووخاون و دیکتاتۆریی لیبی بۆ راگرتنی دەسەڵاتەکەی شەڕێکی تەواو عەیاری لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەی دەست پێکردوە و وڵاتانی ئورووپایی و ئامریکا و ناوەندە نێونەتەوەییەکان لە رێگەی سیاسی و تەنانەت نیزامییەوە هاتوونەتە نێو کێشەکە و بۆ پێشگرتن لە کوشتاری خەڵک و بۆ لابردنی دیکتاتۆر لە هەوڵدان. لە هێندێک وڵات‌دا دەسەڵاتداران بۆ ئەوەی تووشی چارەنووسی بێن عەلی و حوسنی مبارەک و قەزافی نەبن دەستیان بە زنجیرەیەک چاکسازی کروە و بەڵێنی چاکسازی و گۆڕانی زیاترو دانی ئازادی و باشترکردنی ژیانی خەڵکیان داوە. لەم وڵاتانەدا حکوومەت تێگەیشتوە کە خۆڕاگریی دەسەڵات لە بەرامبەر داواکانی خەڵک‌دا و سەرکوت کردنیان دەبێتە هۆی چوونەسەری ئاستی داوا و چاوەڕوانییەکان و هەر بۆیەش کەوتوونەتە وتووێژ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن و نوێنەرانی نارازییان.

لەم نێوەدا لایەنگریی ئامریکا و وڵاتانی ئورووپایی لە نارازییان و خەڵکی راپەڕیو و داوایان لە دیکتاتۆرەکان بۆ دەست لەکارکێشانەوە، ئەگەرچی لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان و بۆ پاراستنی نفووزیان لە ناوچەی هەستیاری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دایە، بۆتە پاڵنەرێک بۆ خێرایی و وزەبەخشین بەم رەوتە.

ئەم ئاڵوگۆڕە گەورە و بنەڕەتییەی ناوچەکەی گرتۆتەوە تەنیا لە وڵاتانی عەرەبی‌دا کورت نابێتەوە و هەروەک گوترا هەموو ناوچە و وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گرتۆتەوە زوو یان درەنگ دەبێتە هۆی گۆڕانی پێوەندییەکانی نێوان ئەم وڵاتانە و، پێکهاتەی سیاسیی ناوچەکە تووشی گۆڕانی بنەڕەتی دەکاتەوە بالانسی هێز و هاوکێشە سیاسییەکان تێک دەدا و بە شێوازێکی نوێ دایدەڕێژێتەوە و ئەو چوارچێوە سیاسی و ژێئۆپۆلۆتیکەی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە شکڵی گرتوە دەگۆڕێ. هەر ئەوجۆرەی دارشتنی قەوارەی سیاسیی ناوچە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کاریگەریی لەسەر چارەنووسی هەموو پێکهاتەکانی ناوچەکە هەبوو و بە قازانجی هێندێک و بە زیانی هێندێکی دیکە تەواو بوو، بێگومان ئەمجارەش ئەو رەوتە دووپات دەبێتەوە و ئاڵوگۆڕ بەسەر پێکهاتەی بەرژەوەندییەکانی گەلانی ناوچەدا دێ. یەکێک لەو نەتەوانەی کە دوای دارشتن و پێکهاتنی نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی‌دا زیاترین زەرەرو زیانی بەرکەوت نەتەوەی کورد بوو کە خاکەکەی بەسەر چوار وڵات‌دا دابەشکرا و کەوتە ژێر دەسەڵاتی چوار حکوومەتی دیکتاتۆری و بە درێژایی سەدەی رابردوو باجی ئەم غەدرە گەورەیەی داوە و خەباتی کردوە و قوربانیی بەخشیوە. بەڵام پێکهاتەی سیاسیی ناوچەکە و هاوبەرژەوەندیی دیکتاتۆرەکانی ناوچە و زلهێزەکانی جیهان رێگەی بە کورد نەداوە بتوانێ بەم مافانە بگا کە لێی زەوت کراوە.

بەڵام ئێستا کە لە سەدەی بیست و یەکەم‌دا و بە هۆی بوونی ئینتێرنێت و سەتەلایت و چوونەسەری ئاستی وشیاری و ئاگایی گەلانی ناوچە ئیمکانی پاراستنی نەزمی مەوجوود بۆ دیکتاتۆر و دەسەڵاتە نەریتییەکان نەماوە و راپەڕینەکان نزیک بە تەواوی وڵاتانی ناوچەکەی گرتۆتەوە و دیکتاتۆرەکان یەک لە دوای یەک یان دەڕووخێن یان ملکەچی خواستەکانی خەڵک دەبن. وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستانیش ناتوانن لەم چارەنووسە رزگار بن دیکتاتۆرەکانی زاڵ بەسەر کوردستان‌دا یان گۆڕاون یان دەکەونە بەر لافاوی گۆڕانکارییەکانی ناوچەو ناچار دەبن بگۆڕێن.

لە باشووری کوردستان لە دوای رووخانی رێژیمی بەعسی عێراق و دامەزرانی دەوڵەتێکی فێدراڵ لە عێراقدا گەلی کورد بە بەشێکی بەرچاو لە خواستەکانی گەیشتوە و توانیوییەتی بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی هەرێمی گەشە و پێشکەوتنێکی بەرچاو بەم بەشە لە خاکی کوردستان بگەیەنێ ئەگەرچی ئەم دەوڵەتە لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی‌دا بێ کێشە و گرفت نەبووە هێندێک لایەنی یاسایی و نایاسایی نێو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق بە پاڵپشتیی وڵاتانی دەوروبەر زۆر جار گرفتیان بۆ ئەم دەسەڵاتە کوردییە دروست کردوە. بەڵام ئەمڕۆ لافاوی راپەڕینەکان و مەترسیی رووخان لەسەر وڵاتانی دەوروبەر پاڵپشتی لایەنە دژبەرەکان و لە راستی‌دا دەستێوەردانە دەرەکییەکانی کەمتر کردۆتەوە و بوار بۆ گەشەی زیاتری کوردستان رەخساوترە لە پێشوو.

لە پێوەندی لەگەڵ رۆژهەڵاتی کوردستانیش‌دا رێژیمی دیکتاتۆری زاڵ بەسەر ئێران‌دا کە هەر لە کۆنەوە بەهۆی پاڵپشتیی تیرۆریست و سیاسەتە چەوتەکانی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی لە دەرەوە و بە هۆی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی و سەرکوتی خەڵکەکەی لە نێو خۆوە لەگەڵ قەیرانی نەبوونی مەشرووعییەت بەرەوڕووییە و هەوڵەکان بۆ لابردنی سێبەری ئەم دیکتاتۆرییە لەسەر ئێران و ئێرانییەکان لە زیادبوون‌دایە، شەپۆلەکانی ئەم راپەڕینە جەماوەرییانەی ناوچەکەی گرتۆتەوە دەسەڵاتی ئاخوندەکانیش دەگرێتەوە. ئەگەرچی دەتوانین بڵێین پێش ئەوەی لە وڵاتانی ناوچە خۆپیشاندان و راپەڕین دژی دیکتاتۆری دەست پێ بکا، لە ئێران دەستی پێ کردبوو کە خۆپیشاندانە گەورە و خوێناوییەکانی دوو ساڵی رابردووی تاران و شارە گەورەکانی ئێران بەڵگەی ئەم قسەیە.

لە لایەک راپەڕینی خەڵکی ئازادیخوازو رووخانی یەک لە دوای یەکی دیکتاتۆرەکان لە وڵاتانی ناوچەکەدا بۆتە خاڵێکی هاندەر و هیوابەخش بۆ خەڵکی راپەڕیو و وەزاڵەهاتووی ئێران کە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا زیاتر لە پێشوو شەقامەکانی تاران و شارەکانی دیکەی ئێرانیان کردوە بە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ دیکتاتۆریی ئاخوندی و لە لایەکی دیکەوە کەوتنەوەی ئاگری رق و بێزاریی خەڵکی نارازی لە ماڵی دیکتاتۆری سووریە وەک پاڵشتیی سیاسەتە چەوتەکانی ئێران لە ناوچە و هەروەها ناردنی هێزی نیزامیی عەرەبستان بۆ بەحرەین بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە لە بەرامبەر گرووپە شیعەکاندا کە ئێران پاڵپشتییان دەکا و هەڵوێستی دەوڵەتی کووەیت لە بەرامبەر ئێران و ئاشکرا کردنی تاقمی سیخوڕیی ئێران، شەڕێکی رانەگەیەندراوی لە ناوچەکە لە دژی ئێران و سیاسەتە تێکدەرانەکانی دروست کردوە کە پاڵپشتی رۆژئاواشی لە پشتە و رێژیمی تارانی زیاتر لە هەر کاتێک تووشی مەترسی کردۆتەوە و هیوای سەرکەوتن و گەیشتن بە مافەکانیانی لە نێو خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و یەک لەوان گەلی کورددا بەهێزتر کردوە و ئاسۆی گەیشتن بە ئاواتەکان روونتر لە هەر کاتێکی دیکە دێتە بەرچاو.

لە رۆژئاوای کوردستانیش هەروەک گوترا رێژیمی بەعسی سووریە و دیکتاتۆریی بنەماڵەی ئەسەد لەگەڵ نارەزایەتیی بەرینی خەڵکی ئەم وڵاتە بەرەوڕوو بۆتەوە. رێژیمی ئەو وڵاتە سەرەڕای سەرکوتی نارازییان ناچار بە هێندێک پاشەکشە و بەڵێنی چاکسازی و دانی ئازادی و مافەکانی خەڵک بووە و بێگومان چارەنووسیی دیاریکراوی هەموو دیکتاتۆرەکان ئەم دیکتاتۆرییەش هەڵناوێرێ و لە کۆتایی‌دا خەڵکی ئەم وڵاتە و یەک لەوان گەلی کورد بە ئازادی و مافە رەواکانی دەگا.

لە پێوەندی لەگەڵ باکووری کوردستانیش‌دا، هەلومەرجەکە بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافەکانی لە جاران لەبارترە. تورکیە کە لەم ساڵانەی دوایی‌دا ناچاربووە دان بە بوونی کێشەی کورد دابنێ و هێندێک هەنگاوی هەرچەند بچووک لە پێناو چارەسەری‌دا هەڵبێنێتەوە. ئێستا کە دەبینێ پێکهاتەی سیاسی و رێژیمەکانی ناوچە کە زۆر خێرا گۆڕانیان بەسەردا دێ و خەریکە نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تووشی گۆڕان دەبێتەوە، ئاسانتر و راشکاوانەتر لە پێشوو مەسەلەی کورد لە تورکیە و لە ناوچەکەدا قەبووڵ دەکا سەردانی فەرمیی رەجەب تەیوب ئۆردوغان سەرۆک وەزیری تورکیە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و راگەیاندنی ئەوەکە ئەوان گەیشتوونەتە کۆتایی سیاسەتەکانی حاشاکردن لە بوونی نەتەوەی کورد، وێڕای داننانی فەرمی بە دەسەڵاتی کوردی لە ناوچەکە نیشانەی ئەو راستییەیە کە مەسەلەی کورد گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە تەرەفەکانی کورد چیتر ناتوانن حاشای لێ بکەن و ناچار بە قەبووڵ کردنی کورد وەک یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکانی پێکهاتەی سیاسیی داهاتووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستن، پێکهاتە و چوارچێوەیەک کە دوور نیە خەونی لەمێژینەی گەلی کوردی تێدا بێتەدی.

ئێستا ماوەتەوە ئەوەکە گەلی کورد و خەباتکاران و رێبەرانی سیاسیی ئەم گەلە چەندە وشیارانە و بەرپرسانە مامڵە لەگەڵ ئەم دەرفەتە مێژووییە دەکەن کە دوای نزیک بە سەدەیەک و بۆ جارێکی دیکە بۆ ئەم گەلە زۆرلێکراوە هەڵکەوتووە و چلۆن دەرفەتەکە بە قازانجی کورد دەقۆزنەوە.



**دەتوانین بڵێین پێش ئەوەی لە وڵاتانی ناوچە خۆپیشاندان و راپەڕین دژی دیکتاتۆری دەست پێ بکا، لە ئێران دەستی پێ کردبوو کە خۆپیشاندانە گەورە و خوێناوییەکانی دوو ساڵی رابردووی تاران و شارە گەورەکانی ئێران بەڵگەی ئەم قسەیە**

# خوێندنەوەیەک بۆ ناودێرکردنی ساڵی ٩٠ بە «ساڵی جەهادی ئابووری»

حەسەن شێخانی

عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە پەیامی نەورۆزی ئەمساڵدا، ساڵی ١٣٩٠ی بە ساڵی «جەهادی ئابووری» ناودێر کرد. ناوبراو وتی ئێمە لە ساڵی ٨٩دا کە بە ساڵی «هیممەتی دوو قات و کاری دوو بەرابەر» ناودێر کرابوو لە بوارەکانی سیاسی، لە بواری ئامادەبوونی بەرچاوی خەڵک لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی و شۆڕشگێڕی دا، لە بواری زانست و تێکنۆلۆژی و سیاسەتی دەرەوەدا، لە بەشە جۆراوجۆرەکاندا بە خۆشییەوە شاهیدی ئەنجامدانی کۆمەڵێک کاری گەورە بووین کە هەموو بەرپرسانی وڵات و بەتایبەت بەرپرسانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن تێیدا پشکدار بوون. یەکێک لەو کارە گەورانە، دەست پێکردنی مەسەلەی هەستیارو گەورەی ئامانجدار کردنی یارانەکانە، کە هیوادارم بە سەرکەوتوویی ئەم کارە کۆتایی پێ بێ (قسەکانی خامنەیی تەواو).

هەڵسەنگاندنی ڕادەی ڕاستی و دروستیی ئەم بانگەشانە پێویستیان بە لێوردبوونەوەیەکی قووڵ نییە. بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بەسەر دۆخی ئێران لە بوارەکانی جێی ئاماژەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم ئیدیعایانە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕاستییەوە دوورن و لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ئیدیعای بێ بنەمادا شایانی خوێندنەوەو لێکدانەوەن. لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندنی ئەم ئیدیعایانە مەبەستی ئەم نووسینە نییە بۆیە زیاتر لەمە لە سەری ناڕۆین.

عەلی خامنەیی لە درێژەی پەیامی نەورۆزی خۆیدا دەڵێ «ئەو مەسەلەیەی کە دەبێ لە ساڵی ٩٠دا زیاترین سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە لە بنەڕەتی ترین کارەکانی دوژمنانمان بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ نەتەوە و وڵاتی ئێران، پرسە ئابوورییەکانە. دیارە دوژمنان لە بواری فەرهەنگیش دا چالاکن، لە بواری سیاسییش دا چالاکن، لە بواری قۆرخکاری زانستییش دا چالاکن، بەڵام لە بواری ئابووری دا چالاکییەکی زۆر زیاتریان هەیە. ئەو گەمارۆیانەی بەسەر ئێراندا سەپاندیان، بە مەبەستی زیان گەیاندن بە پێشکەوتنی وڵاتی ئێمە بوو و هەروەها بەو مەبەستە بوو کە ڕێگە لە هەنگاونانی خێرای ئێران بەرەو پێشکەوتن بگرن. دیارە ئامانجەکەیان نەهاتەدی و نەیانتوانی بەو ئاکامانەی کە لەم گەمارۆیانەدا چاوەڕێیان دەکرد بگەن و، تەگبیری بەرپرسان و هاوڕێیەتی نەتەوەی ئێران بەسەر پیلانی دوژمناندا زاڵ بوو؛ بەڵام ئەوان هەر وازیان نەهێناوە. بەم هۆیەوە بنەڕەتیترین پرسەکانی وڵات و، سەرەکیترینیان بە ڕای من پرسە ئابوورییەکانە. لەبەر ئەوە ئەمساڵ بە «ساڵی جەهادی ئابووری» ناودێر دەکەم و لە بەرپرسانی وڵات دەخوازم لە بواری ئابووری دا بە جیددی هەوڵ بدەن و دەبێ لەم گۆڕەپانەدا حەڕەکەتی قەڵەمبازانە و تێکۆشەرانەمان هەبێ» (قسەکانی خامنەیی تەواو).

ئەم بەشە لە قسەکانی خامنەیی و بەتایبەت هۆکارەکانی ناودێکردنی ساڵی ٩٠ بە «ساڵی جەهادی ئابووری» جێی تێڕامانن و هەوڵ دەدەم لەم وتارەدا ڕاوەستەیەکی هەرچەند کورتیش بێ، لەسەری بکەم.

بە بڕوای زۆربەی چاوەدێرانی دۆخی ئێران، پاژنە ئاشیلی دەسەڵاتی هەنووکەیی ئێران ئابووری وەستاو و نەخۆشی ئێرانە. وەستانی ئابووری کەم کەم جێگەی خۆی بە قەیرانێکی ئابووریی قووڵ داوە کە نەتەنیا خەڵک بەڵکوو دەسەڵاتدارانی ئێرانیشی نیگەران کردووە. دەکرێ بگوترێ کە ناودێر کردنی ساڵی ٩٠ بە «ساڵی جەهادی ئابووری» لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە لەم نیگەرانییە سەرچاوە دەگرێ. هەرچەند دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ڕواڵەتەدا هەبوونی قەیرانی ئابووری ئینکار دەکەن بەڵام ئەو پێوەر و داتایانەی کە نیشاندەری قەیرانی ئابوورین ئەوەندە زەق و بەرچاو و حاشاهەڵنەگرن کە هیچ کەس و لایەنێک تەنانەت دەسەڵاتدارانیش ناتوانن نادیدەی بگرن. هەر ئەوەی کە خامنەیی پرسە ئابوورییەکان بە بنەڕەتیترین و سەرەکیترین پرسەکانی وڵات لە قەڵەم دەدا و دەڵێ دوژمنان بواری ئابوورییان کردۆتە ئامانج و دەیانەوێ لەم بوارەدا زیان بە ئێران بگەیەنن، دەرخەری ئەم ڕاستییەی سەرەوەیە.




**ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە هەست کردن بەو مەترسییانەی کە لەوانەیە لە بواری ئابووریدا ڕووبەڕووی سیستم ببنەوە، ساڵی ٩٠ی بە «ساڵی جەهادی ئابووری» ناودێر کردوە و هەموو لایەک بۆ هەوڵدانی چەند قات لەم بارەوە بانگهێشت دەکا**

خەڵکی ئێران بێ توانایی و نەزانکارییەکانی دەسەڵات بە سەرچاوەی ناسەقامگیریی ئابووری و هاتنە خواری توانای کڕینی خۆیان دەزانن. سەرەڕای پەرەسەندنی کێشە نێوخۆییەکانی ئێران، هەڵوێستی توند وپڕوپاگەندەی ئەحمەدی نژاد لەمەڕ بەرنامەی ناوەکیی ئێران بۆتە هۆی ئەوە کە سەرمایەی بیانی و دامەزراوە ئیعتیبارییەکان ڕوو لە ئێران نەکەن. لە لایەکی دیکەش چوونە سەری نرخی شتوومەکەکان، دژوارتر بوونی بەدەست هێنانی بژێوی ژیان بۆ بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران و، بەجێ نەهێنانی بەڵێنییەکانی وەکوو «هێنانی پارەی نەوت بۆ سەر سفرەی خەڵک» کە لە لایەن سەرکۆمارەوە پێش هەڵبژاردنەکان دەدرا، بۆتە هۆی دروست بوونی ناڕەزایەتییەکی بەربڵاو لە نێو خەڵکدا، کە دوور نییە لە داهاتوودا ئەم ناڕەزایەتییانە ببنە سەرئێشەیەکی دیکە بۆ دەسەڵات و ڕەهەندێکی نوێ بە ئیعتڕازەکانی خەڵکی ئێران ببەخشن.

مەسەلەیەکی دیکە کە لەسەر ئابووریی ئێران کەریگەرییەکی بەرچاوی هەیە «ئامانجدار کردنی یارانەکان»ە. بە بڕوای ژمارەیەکی زۆر لە کارناسانی ئابووری، سەرەڕای ئەوە کە دەوڵەت ئیدیعا دەکا ئەم پڕۆسەیە دەرەنجامی چەندین ساڵ کاری کارناسانە و نرخاندنی کێشە و گیروگرفتەکانی فەزای ئابووری ئێرانە، بەڵام وا پێدەچێ ئەوەی لە پراتیک دا ڕوو دەدا نیشاندەری هەنگاوێکی بێ موتالایە کە ئاکامی خراپی بۆ ئابووریی ئێران بە دواوە دەبێ.

سەرەڕای ئەوەی کە پڕۆژەی ئامانجدارکردنی یارانەکان لە هەلومەرجێکی خراپی نێوخۆیی و فەزایەکی نەگونجاوی نێونەتەوەیی بە نیسبەت ئێران خراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، مەسەلەیەکی دیکە کە شانسی سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە تا ڕادەیەکی زۆر دەخاتە ژێر کاریگەریی نێگەتیڤی خۆی، ئەوەیە کە گۆڕینی نرخی ئینێرژی و بە گشتی گۆڕینی نرخی کاڵا سەرەکییەکان لە چوارچێوەی «بەرنامەیەکی تەواو و کامڵ» دا کە سیاسەتە پووڵی- ماڵییەکان، نرخی ئەرز، نرخی قازانجی بانکی و هەروەها ژینگەی کەسب و کار لەودا پێناسە کرابێ، نییە.

بە بڕوای زۆرێک لە کارناسان و چاوەدێرانی ڕەوشی سیاسی و ئابووریی ئێران، لەوانەیە کۆماری ئیسلامی بتوانێ لە کورت ماوەدا بە پێدانی هێندێک (مسکنات) ڕێگە لە کاردانەوەی ئیعترازیی خەڵک بگرێ بەڵام دوور نییە لە درێژماوەدا ئەم شێوە لە ئامانجدار کردنی یارانەکان ببێتە سەرچاوەی پشێوی و ئاڵۆزیی دۆخی ئێران و سەرئێشەیەکی جیددی بۆ دەسەڵات دروست بکا.

بە سەرنجدان بەو شڕۆڤانەی خرانە ڕوو، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی قامکی لەسەر خاڵێکی گرینگ و هەستیار داناوە و بە هەست کردن بەو مەترسییانەی کە لەوانەیە لە بواری ئابووری دا ڕووبەڕوی سیستم ببنەوە، ساڵی ٩٠ی بە «ساڵی جەهادی ئابووری» ناودێر کردوە و هەموو لایەک بۆ هەوڵدانی چەند قات لەم بارەوە بانگهێشت دەکا.

ئەم وتەیەی موحسین ڕەزایی دەبیری کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام کە «ئەمڕۆکە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ شەڕێکی ئابووری بەرەوڕوویە کە زۆر مەترسیدارەترە لە شەڕی نیزامی»، ڕاستییەکی گرینگی تێدا شاراوەیە و ناودێر کردنی ئەمساڵ بە «ساڵی جەهادی ئابووری» زەنگێکی هوشیار کەرەوەیە بۆ خۆ ئامادەکردن لەم بوارەدا.

**بە بڕوای زۆربەی چاوەدێرانی دۆخی ئێران، پاژنە ئاشیلی دەسەڵاتی هەنووکەیی ئێران ئابووری وەستاو و نەخۆشی ئێرانە**

# نەورۆز پەیامی درێژەدان بە خەبات تا سەرکەوتن

## (چاوخشاندنێک بە جەژنی نەتەوەیی نەورۆز لە کوردستان)

ئارام ئیبراهیم خاس

وەرگێرانی لە فارسییەوە: تەها ڕەحیمی

**پێشەکی:** سەرەڕای هەموو ئەو وردە جیاوازییانەی لە نێوان پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان دەبیندرێ، فەرهەنگ و کلتووری ئەم نەتەوە لەت و کوت کراوە لە بست بە بستی نیشتمانی کوردان دا خاوەن خاڵی هاوبەش و وێچوونێکی یەکجار زۆرە کە دەکرێ لەسەر پێوەری ئەم هاوبەشییانە، بەردی بناخەی یەکیەتیی نەتەوەیی کوردی پێ دابرێژرێن. یەکێک لەم خاڵە هاوبەشانە جەژنی لەمێژینەی نەورۆزە کە بەردەوام خاوەن ڕەهەندێکی نەتەوەییە و لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە شێوەیەکی شکۆدار و تایبەتەوە یادی لێ دەکرێتەوە. جەژنی نەورۆزی ئەمساڵیش وەک نەورۆزی سالانی رابردوو پەیامێکی نەتەوەیی و سیاسی پێ بوو. لەگەڵ گەشە و بەرزبوونەوەی وشیاریی نەتەوەیی و ئاگایی سیاسی لە کوردستان، نەورۆزیش بووەتە هێمایەک بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و بۆنەیەک بۆ هەرچی زیاتر پێشخستنی خەباتی نەتەوەیی ئەم گەلەدێرینە.

لەم وتارەدا تێدەکۆشین بە کورتی چاوێک بەسەر ڕووداوەکانی نەورۆزی ساڵی ٢٧١١ دا بخشێنین.

**ڕۆژهەلاتی کوردستان:**

ئەم پارچەیەی کوردستان لەمێژ ساڵە لە لایەن ڕێژیمی

**ئەمساڵیش شارەکانی ورمێ، مەریوان، ڕەبەت، شنۆ، مهاباد، پیرانشار، بۆکان، سەردەشت، سنە و... بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی شکۆدار سووربوونی خۆیان لە سەر درێژەدان بە خەبات سەلماندو نیشانیان دا لە هەموو دەرفەتێک بۆ پێشخستن و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان کەڵک وەردەگرن**

دیکتاتوری کۆماری ئیسلامییەوە بە درندانەترین شێوە سەرکوت دەکرێ. بەڵام لەم بەشەی کوردستانیش دا شان بە شانی بەشەکانی دیکەی، خەبات بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکان و دێموکراسی نەپساوەیە و دانیشتوانی تۆزقاڵێکیش لە داوای هیچ کام لە مافە بەحەقەکانیان پاشگەز نین. ئەگەرچی ڕێژیمی کۆنەپەرستی دەسەلاتداری ئێران هەوڵ دەدا بەر بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسم و بۆنە تایبەتییەکانی نەورۆز لە سەرانسەری ئێران و بەتایبەت کوردستان بگرێ و یان تێدەکۆشێ بە دووبارە پێناسە کردنەوەی نەورۆز نێوەرۆکی ئەم بۆنە نەتەوەییە چەواشە بکا و ڕەسەنایەتییەکەی لە گەلی کورد دابماڵێ و مۆرکی ئێرانی بوونی بەسەردا بکێشێ تا بەم جۆرە هێندێک لە بۆن و بەرامەی سیاسی ئەم جەژنە لە نێو کوردان کەم بکاتەوە. سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی، نەورۆز لە کوردستان نێوەرۆکێکی بانتر لەوەی بە خۆوە گرتوە و هەمیشە هێما و نیشانەی خۆڕاگری و بەرخۆدان و خەبات دژی نایەکسانی و دیکتاتوری و سەرەڕۆیی بووە. کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک براکانیان لە باکووری کوردستان بە ڕووحیەیەکی شۆڕشگێڕانەو بەهیوای کۆتایی هاتنی زستانی دیکتاتوری و داهاتنی بەهاری ئازادی و دێموکراسی، لە هەموو شارەکانی پارێزگاکانی (ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام) بەو پەڕی شکۆدارییەوە ڕێوڕەسمی هاتنی وەرزی ژیانەوە بەڕێوە دەبەن. ئەمساڵیش شارەکانی ورمێ، مەریوان، ڕەبەت، شنۆ، مهاباد، پیرانشار، بۆکان، سەردەشت، سنە و... بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی شکۆدار سووربوونی خۆیان لە سەر درێژەدان بە خەبات سەلماندو نیشانیان دا لە هەموو دەرفەتێک بۆ پێشخستن و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان کەڵک وەردەگرن. ڕووداوەکانی نەورۆزی ئەمساڵی ڕۆژهەلاتی کوردستان نیشاندەری بوونی پوتانسییەلێکی مەزنی خەبات لەم بەشەی کوردستانی لەت لەت کراوە. خەڵک سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپ، گوشارو هەڕەشەکانی دەسەلات بۆ بەرز ڕاگرتنی بۆنەی نورۆز و سەری ساڵ ڕژانە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکانی شارەکان و بەوپەڕی شکۆوە یادی ئەم جەژنە نەتەوەییەیان بەرز ڕاگرت و بەم کارە مەزن و سەراسەرییەیان پەیامێکی گرینگیان بە دیکتاتۆرەکانی ناوەندی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی دا کە تەنانەت دوای چەندین ساڵ دەسەلاتی دیکتاتۆری و سەرکوت و ترساندن و چەوساندنەوە و کوشتوبڕ و میلیتاریزەکردنی کوردستانیش ناتوانن فەرهەنگ و بایەخە نەتەوەییەکان لە خەڵکی ئەم نیشتمانە نامۆ بکەن و داتەکێنن. ئەگەرچی نابێ لەبیرمان بچێ پرش و بڵاوی، ڕێکنەکەوتن، جیاوازیی بۆچوون و هاوکاری نەکردن و لێک تێنەگەیشتنی پارتەکان لە یەکترو خۆ بە گەورەزانینی پارت و ڕەوتە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بووەتە دەردی هاوبەشی هەموو ئەو کەس و لایەنانەی دڵیان بۆ کورد و بزووتنەوە و خەباتی ڕزگاریخوازی لێدەدا؛ نەورۆزی ١٣٩٠ وەک ساڵانی رابردوو گەیشت و ڕەوتە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات نەک هەر بۆ پێکهێنانی هیچ بەرەو پلاتفۆرمێکی سیاسیی هاوبەش هەنگاویان نەنا، بەڵکوو وێدەچێ ڕێککەوتن لەسەر بنەمای کەمترین لێکنزیک بوونەوەش لەم بزووتنەوەیە دا شتێکی ئەستەم و دوور بێ.

**باکووری کوردستان:**

زۆر لەمێژە نەورۆز لەم پارچەی نیشتمان دا بووەتە هێمای خۆڕاگری و بەرخۆدان و جەژنە میلیۆنییەکانی گەلی کورد، دەسەلاتدارانی تورکی جاڕز کردوە. باکووری کوردستان لە بواری ڕووبەرو حەشیمەتەوە گەورەترین پارچەی داگیرکراوی کوردستانە و لەم بوارەشدا خاوەن گرینگیی تایبەتی خۆیەتی. دەوڵەتی تورک و پارتی ئیسلامگەرای Akp سەرەڕای هەموو بەڵێنیەکانی لە سەر چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کورد لەو وڵاتە و هێنانە بەرباسی گەلالەی وەک «پرۆژەی کرانەوەی دێموکراتی بە ڕووی کوردان»دا بە پراکتیک هەوڵی داوە، داواو داخوازیی گەلی کورد لەم پارچەیەدا لە چوارچێوەی ئابووری و فەرهەنگی دا کورت بکاتەوە و بە باس لە پاکەتی ئابووری (کە دیارە بەشێکی زۆری مانۆڕ و خۆنواندنە) و کاناڵێکی بە زمانی کوردی، بیروڕای گشتی خەڵکی کورد بە لاڕێ دا بەرێ و خۆی بکا بە خاوەنی سەرەکی و لایەنی کێشەی کورد. بەڵام بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی شکۆداری نەورۆزی ٢٠١١ لە باکوور و ناودێرکردنی نەورۆز بە «ڕێگە چارەی دیموکراتیک» لە لایەن پارتی ئاشتی و دێموکراسییەوە دیسان سەلماندی کە دەوڵەتی تورکیە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی دا سەرکەوتوو نەبووە. شارەکانی وان، ماردین، باتمان، دەرسیم، ئۆرفا و.... بە میتینگی چەندین هەزار کەسی پێشوازییان لە نەورۆز کرد، بەڵام لووتکەی ئەم ڕێوڕەسمانە، جەژنی شۆڕشگێڕانەی نەورۆزی دیاربەکر بوو کە بە ئامادەبوونی نزیک بە یەک میلیۆن کەس ترسی خستە سەر بیرو هۆشی دەسەلاتدارانی تورکی ئەم پارچەیە کە چەندین ساڵە حاشا لە بوونی کورد لە چوارچێوەی دەسەلاتی خۆیان دا دەکەن.

هەر لەم پێوەندییەدا سەلاحەددین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دێموکراسی ڕایگەیاند نەورۆزی ساڵی ٢٠١١ واتایەکی تایبەتی بۆ کورد لە باکوور هەبوو و ئەوان تا گەیشتن بە داخوازییەکانیان دەست لە خەبات هەڵناگرن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە هاوکات دەگەڵ دەسپێکی ساڵی نوێی هەتاوی و ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز، ئەحمەد تورک سەرۆکی کۆنگرەی دیموکراتیک (kcd) لە بانگەوازێک دا داوای لە گەلی کورد کردوە بە مانگرتن لە سەراسەری باکووری کوردستاندا جیددیتر هەنگاو بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بهاوێژن. دەگەڵ بانگەوازی ئەحمەد تورک مانگرتن لە باکووری کوردستان دەستی پێکردوە و هێشتاش درێژەی هەیە و تەنانەت نوێنەرانی پارتی ئاشتی و دێموکراسییش لە پارلەمانی تورکیە هاتوونەتە ریزی مانگرتووان. پێویستە بوترێ کوردی باکوور داوای ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) دێموکراتیک دەکەن. ڕەنگە نەورۆزی ئەمساڵ خاڵێکی وەرچەرخان لە پرۆسەی خەباتی گەلی کورد لە باکوور بێ کە هەنگاوی بنەڕەتی بۆ چارەسەری دۆزی کورد لەو بەشەی کوردستان دا لێ بکەوێتەوە.



نەورۆزی ڕەبەت « ١٣٩٠ »

**ڕۆژئاوای کوردستان :**

لە بەشێکی دیکەی خاکی کورددا کە لە بواری ڕووبەرو حەشیمەتەوە بە بچووکترین پارچەی کوردستان دەژمێردرێ و لە لایەن ڕێژیمی بەعسی سووریەوە داگیرکراوە و زۆر بە توندی لە لایەن دەسەلاتدارانی ئەم وڵاتەوە تووشی ئاسیمیلاسیۆن و تواندنەوەی فەرهەنگی و زمانییەوە هاتوە و تا ئێستا بە سەدان هەزار کەس لەم بەشەی کوردستان لە سەرەتاییترین مافی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و تەنانەت هەبوونی پێناسە بێبەشن، زۆر بە شکۆوە یادی نەورۆز کرایەوە. لە کاتێکدا نەورۆزی ٢٠١١ داهات کە حەوتوویەک پێشتر لەم بەشەدا بە یادو بیرەوەریی ڕاپەڕینی ساڵی ٢٠٠٤ەوە سەرقاڵ بوون و ڕێزیان لەو حەماسە خوێناوییە دەگرت. لە حاڵێکدا کە ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاتی ناڤین وەک «دومینۆ» زۆربەی وڵاتە عەرەبەکانی ناوچەی گرتۆتەوە، دەوڵەتی بەعسی سووریە ناچار بوو لە ترسی ڕاپەڕینی کوردەکان خێڵ و تایفە عەرەبەکانی ناوچە چەکدار بکا و دۆخێکی ئەمنییەتی بەسەر کوردستان دا زاڵ بکا، سەرەڕای ئەم دۆخە تەنگاوەی کە چەندین ساڵە واتە لە ساڵی ١٩٧٠وە هاوکات دەگەڵ هاتنەسەرکاری حافز ئەسەدەوە لە لایەن پارتی بەعسەوە بەسەر سووریەدا زاڵە و هێشتاش بەردەوامە.

بەڵام سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمە و گوشارەکان، کوردەکانی ئەم بەشەی کوردستان لە شارەکانی قامیشلوو، عەفرین، دێرک، کۆبان و ناوچە کوردنشینەکانی دیکە وەک ساڵانی رابردوو نەورۆزیان جەژن گرت، ڕەنگە زیاتر بەو هیوایەی دوای توونێس، میسر، لیبی، یەمەن و.... ئەو جارە ڕاپەڕینی خەڵک، کە هەروەک پێشتر وتمان لە شاری دەرعا لە سووریە دەستی پێکردە، تەخت و بەختی دیکتاتۆرێکی دیکەی ناوچە وەردەگێڕێ و خەڵکی کورد لەم پارچەیەی کوردستان لە سایەی دەسەلاتێکی دیموکراتیکەوە بە بەشێک لە داوا ڕەواکانیان بگەن.

**هەرێمی کوردستان (کوردستانی ئازاد):**

هەرێمی کوردستانی ئازاد لە هەلومەرجێکی جیاواز لە ساڵانی رابردوو بەرەوپیری جەژنی نەورۆز چوو. جیاواز لەم بوارەوە کە بە دوای هێنانە ئارای داخوازیگەلێک لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی حکوومەت و پارلەمان و زنجیرە خۆپێشاندانێک لە شەقام و گۆڕەپانەکان بەتایبەت لە پارێزگای سلێمانی و هاتنە ئاراوەی هێندێک گرژی و ڕووداوی خوێناوی و شەڕی ڕاگەیاندنی پارت و ڕەوتە سیاسییەکان، جۆرێک نیگەرانی و ترس لە سەر داهاتووی ئەم بەشەی کوردستان بیروڕای گشتی خەڵکی تەنییەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە دیسان کێشەی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی ناوەندی لەسەر ناوچە دابڕاوەکان بەتایبەت شاری خاوەن نەوتی کەرکووک هاتە گۆڕێ و گەلی کورد لەم بەشەی کوردستان و دەسەلاتی هەنووکەیی هەرێمی کوردستان بە قۆناخێکی ناسک و هەستیار لە ژیانی سیاسی خۆیاندا تێدەپەڕن.

بەڵام سەرەڕای ئەم دۆخ و ڕەوشەش جەژنی نەتەوەیی کورد بە شکۆوە یادی لێ کرایەوە و زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستانی ئازاد شایەدی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی مەزن بوون، ئەگەرچی ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی جیاواز و لە کۆبوونەوەیەکی ناڕازایەتی دا لە بەر دەرکی «سەرای» سلێمانی بە وتنەوەی دروشمی ناڕازییانە یادی جەژنی نەورۆزیان کردوە. بەڵێ کوردستانی ئازاد بەمجۆرە بەرەوپیری نەورۆزی ٢٧١١ چوو.

# ئاسۆی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران

## لە ژێر ڕووناکایی بڕیاری نوێی شووڕای مافی مرۆڤدا

عەلی بداغی

شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی پێنجشەممە، ٤ ی خاکەلێوە بە زۆربەی دەنگ وێڕای مەحکومکردنی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بڕیاری دیاریکردنی لێکۆڵەرێکی تایبەتیشی بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران پەسند کرد.

چەند ڕۆژ لەوە پێش و ڕاست لە ڕۆژی نەورۆزدا یەکیەتیی ئورووپا بڕیاری گەمارۆ خستنە سەر ئەو کەس و کەسایەتی و لایەنانەی لە ئێراندا پەسند کرد کە دەستیان لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا هەیە.

ناوی حەیدەر موسلحی وەزیری ئیتلاعات، مستەفا محەممەد نەجار وەزیری نێوخۆ، سادق مەحسوولی وەزیری پێشووی نێوخۆ، بەختیاری

**گرینگییەکی دیکەی بڕیاری دیاریکردنی لێکۆڵەرێکی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران لەوەدایە کە لەمەودوا بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران و پێبەندبوون یان نەبوونی کۆماری ئیسلامی بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بە وردی دەخرێتە ژێر چاوەدێرییەوە**

وەزیری دادگوستەری، حوسەینی وەزیری ئیرشاد، تەقی پوور وەزیری ئێرتباتات و فەنناوەری، کامران دانشجوو وەزیری زانست، سادق لاریجانی، سەرۆکی دەزگای قەزایی و جێگری یەکەمی ناوبراو، مورتەزەوی دادستانی پێشووی تاران، ئێژەیی دادستانی گشتیی ئێران و و وەزیری پێشووی ئیتلاعات، دەوڵەتابادی دادستانی ئێستای ئێران و ئیسماعیلی بەرپرسی زیندانەکانی ئێران و کۆمەڵێک دادوەر وەکوو، سەڵەواتی، موقەیسە، حەدداد، کابولی و سوڵتانی لەو لیستە دا دەبیندرێ کە یەکیەتیی ئورووپا بە هۆی دەست تێداهەبوون و کارنامەی ڕەشی ئەوان لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران بڕیاری گەمارۆ خستنە سەر ئەوانی داوە.

بڵاوبوونەوەی ئەو دوو هەواڵە و پەسند کردنی ئەو دوو بڕیارە ئەگەر لە لایەک بە سەرکەوتنێک بۆ چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و هەوڵێکی هیوابەخش ودڵخۆشکەر دادەنرێ، بەڵام لە جێشدا ئەو پرسیارانە دێنێتە گۆڕێ کە گرینگیی کردەیی ئەو بڕیار و پەسندکراوانە لە چیدایە؟ کۆڕ و کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ و حیزب و لایەنە سیاسییەکان چۆن دەتوانن مامەڵە لە گەڵ ئەو ڕەوتە بکەن، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانە هەل لە سەر کاغەز نەمێننەوە و ئاکامی عەمەلییان لێ بکەوێتەوە؟ هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر ئەو بڕیارانە چۆن و تێچووی کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا چی و چەندە دەبێ؟

بەر لە هەموو شتێک ئەو کاردانەوە جیهانییە بە ڕەوتی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێران نەک هەر لە جێی خۆیدا بوو، بەڵکوو وەک زەروورەتێک و پێویستییەکی هەنووکەیی لە مێژ بوو هەوڵی بۆ دەدرا و بارودۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لە ئێران بە هۆی دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامییەوە زۆر لەوە پێشتریش هەوڵ و بڕیارێکی لەو چەشنەی گەرەک بوو.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٢ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا ٢٩ جار لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ مەحکووم کراوە و ڕەوتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران لە دوای بەڕیوەچوونی هەڵبژاردنەکانی دەوری دەیەمی سەرۆک کۆماری توند و تیژیی زیاتری بە خۆیەوە بینیوە.

گرتنی سەرەڕۆیانە،ئەشکەنجە کردنی بەندییە سیاسییەکان و سەپاندنی حوکمی قورسی زیندانی درێژخایەن، سەپاندنی سانسۆر و دژایەتیی هەرچەشنە ئازادییەکی سیاسی و مەدەنیی خەڵکانی ئێران، پێشێلکردنی مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان، پەرەسەندنی سەرسووڕهێنەری جێبەجێ کردنی ئێعدام و بەردەوامیی ئێعدامی مێرمنداڵان، چەوساندنەوە و بەردەوامیی سیاسەتی هەڵاواردنی ژنان و نەبوونی هیچ چەشنە ئەمنیەتێکی گیانی و ژیانی بۆ چالاکانی مافی مرۆڤ کۆمەڵە فاکتۆرێک بوون کە کۆمەڵگای جیهانییان هێنایە سەر ئەو قەناعەتەی کە پێویستە دژکردەوەی شیاویان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا هەبێ.

بەڵام ئەو بڕیارە لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە بە شکستێکی گەورەی دیپلۆماتیک بۆ کۆماری ئیسلامی دادەنرێ. کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٤ ساڵە هەوڵ دەدا ببێتە ئەندام لە شووڕای مافی مرۆڤدا، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە متمانەی کۆمەڵگای جیهانی بۆ ئەندامەتی لەو شوورایەدا وەدەست بێنێ. دەرکردنی ئەو بڕیارەی شووڕای مافی مرۆڤیش ئەوەندەی دیکە پرستیژ و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە سیاسییەکانی جیهانی بردە ژێر پرسیار.

گرینگییەکی دیکەی بڕیاری دیاریکردنی لێکۆڵەرێکی تایبەتی بۆ بەدواداچوونی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران لەوەدایە کە لەمەودوا بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران و پێبەندبوون یان نەبوونی کۆماری ئیسلامی بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بە وردی دەخرێتە ژێر چاوەدێرییەوە، شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە شێوەی بەردەوام و لە لایەن لیکۆڵەری دیاریکراوەوە ڕاپۆرتی پێ دەگاتەوە و دەستی بۆ بڕیارات و کاردانەوەکانی دیکەی ئاوەڵاتر دەبێ.

بەڵام ئەو مەبەستانە کاتێک دێنە دی کە کۆماری ئیسلامی ڕێگە بە چوونی ئەو لێکۆڵەرە تایبەتییە بۆ ئێران و ئیزنی هەڵسووڕانی ئازادانە لەو پێناوەدا بەو لێکۆڵەرە بدا و کۆسپ و تەگەرەی نەخاتە سەر ڕێی کەچێ هەر لە ئێستاوە بەرپرسانی ورد و درشتی کۆماری ئیسلامی وێڕای ڕەدکردنەوەی ئەو بڕیارە ڕایان گەیاندوە کە ئیزنی سەفەری وەها کەس و لایەنێک بۆ ئێران بۆ ئەو مەبەستە نادەن و ئەگەر بێتو کۆماری ئیسلامی ئەو هەڕەشە و بڕیارەی بباتە سەر، ئەوا شووڕای مافی مرۆڤ دەستی بۆ ناردنی پەروەندەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بۆ شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاوەڵاتر دەبێ و کۆمەڵگای جیهانی کۆمەڵە میکانیزمێکی دیکە بۆ بەرەنگاریی کۆماری ئیسلامی لەو پێناوەدا دەگرێتە بەر.

بەڵام لەو نێودا و لەو پێناوەدا ئەرکی کۆڕ و کۆمەڵەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و ڕەوت و لایەنە سیاسییەکان چیە؟

ئامادەکردن و هاوڕاکردنی بیروڕای گشتیی جیهانی بۆ کاردانەوەی خێرا و کاریگەر دەبێ ئەرکی سەرەکیی هەموو ئەو هێز و لایەنانە بێ. ئەو ئەرکەش لە ڕێگەی بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار و، وەرێخستنی کەمپەینی جۆراوجۆر و خۆپیشاندانی بەردەوام و لەقاودەرانە دێتە دی.

لەو پێناوەدا زانیاریی ناوەندە پێوەندیدارەکانی یەکیەتیی ئورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە وردەکاریی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەبێ بەردەوام بەرۆژ بکرێنەوە و ئەوەش ئەرکی هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان و داکۆکیکارانی مافی مرۆڤە تا بە کاری بەردەوام و بە دواداچوونی وردی ڕووداوکانی کۆمەڵگای ئێران و ڕەوتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ وا بکەن کە بڕیارەکانی یەکیەتیی ئورووپا و شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر کاغەز و وەک شتێکی سەمبولیک نەمێنێتەوە و ئاڵوگۆڕی جیدی و کارتێکەری لە سەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێراندا لێ بکەوێتەوە.

ئەوەی لەو پێوەندییەدا بۆ ئێمەی کورد جێی سەرنجە قۆستنەوەی ئەو هەلە بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسی و باشترکردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانە.

کوردستان ناوەند و شوێنی چڕبوونەوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێرانە. ڕەوتی ئیعدامەکان، گرتنی سەرەڕۆیانە و سەپاندنی زیندانی درێژخایەن و سەرکوتی ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان چەند هێندەی ناوچەکانی دیکەی ئێرانە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر کەمتر لەوەی کە هەیە ڕەنگدانەوەی لە میدیاکان و لە ڕاپۆرتی ناوەند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا بووە، هۆکاری ئەوەش بۆ زیاتر ئەمنیەتی بوونی کوردستان و بە داخەوە سیاسەتی هەڵاواردن و تەبعیزی زۆرێک لەو ناوەند و ڕێکخراوانەی مافی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە چۆن کوردەکان لە ئێراندا بە مرۆڤی پلە دوو سەیر دەکرێن، کەواتە پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کوردیش هەر دەبێ بچێتە ئەو خانەیەوە.

بۆ نموونە لە پوختەترین ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کە لە لایەن ڕێکخرای چالاکانی مافی مرۆڤەوە بۆ ناوەندە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ نێردراوە، باس لەوە کراوە کە لە ساڵی ٨٩ ی هەتاویدا ١٢٥٦ کەس بە تاوانی چالاکیی سیاسی گیراون کە پشکی کوردەکان لەو ئامارەدا ١٢٩ کەس بووە*، ئەوە لە حاڵێکدایە کە بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا ناوەندە ئیتلاعاتییەکان و دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لانیکەم ٤٩٨ کەس لە خەڵکی کوردستانیان بە تۆمەتی چالاکی و هەڵسوورانی سیاسی

**ئەو بڕیارە لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە بە شکستێکی گەورەی دیپلۆماتیک بۆ کۆماری ئیسلامی دادەنرێ. کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٤ ساڵە هەوڵ دەدا ببێتە ئەندام لە شووڕای مافی مرۆڤدا، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە متمانەی کۆمەڵگای جیهانی بۆ ئەندامەتی لەو شوورایەدا وەدەست بێنێ**



قۆڵبەست و، لانیکەم ١٢٦ کەس لەو گیراوانەیان لە دادگایی کردنێکی نادادپەروەرانەدا بە ٦ مانگ تا ٢٠ ساڵ زیندان مەحکووم کردوە.

ئەو نەبینین و بەکەمگرتن و پشتگوێ خستنی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە لایەن ناوەندەکانی داکۆکیکەری مافی مرۆڤ وای کردوە کە تا ڕادەیەکی زۆر دەستی ناوەندە ئەمنیەتی و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان ئاوەڵاتر بێ بۆ نموونە لە ساڵی ٨٩ ی هەتاویدا لانیکەم ٩٧ کورد لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون کە ٧١ کەس لەو کوژراوانە کاسبکارانی ناوچە سنورییەکانی کوردستان بوون و لە ئاکامی ئەو پەلامارانەشدا لانیکەم ٦٨ کاسبکاریش بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون، بەڵام هیچ کام لە توندوتیژی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی لە ڕاگەیەنەکانی غەیرە کوردییەکان و لە ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکانی مافی مرۆڤدا نەبوە.

ئەوەش ئەرکێکی زیاتر دەخاتە سەر هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و، ناوەند و گرووپ و لایەنە سەربەخۆکانی پارێزەری مافی مرۆڤ کە ئەو دەرفەتە بۆ دەرخستنی هەموو لایەنە شاراوەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و تێگەیاندنی نوێنەرانی تایبەتیی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بقۆزنەوە.

# تراویلکەی تیرۆریزم
# ( چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی تیرۆریزمدا)

زیندان ڕۆژهەڵات

بەشی یەکەم

وەرگێڕان بۆ کوردی سیروان مووساپوور

تیرۆریزم وەک دیاردەیەکی سیاسی لە دوو ڕەهەندی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا لە قۆناغگەلێکی تایبەتی لە مێژووی ڕامیاریی مرۆڤدا ناوبانگی دەرکردوە. لەوانەیە دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لە لایەنی دەروونناسیی سیاسی، دەروونناسیی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسیی سیاسی، دەسەڵاتداریێتی و ...لە چوارچێوەی کتێبە جۆراوجۆرەکاندا لە هێندێک لە وڵاتان لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کرابێ. بەڵام ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئەوەیکە لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئێراندا زۆر شوێندانەر بووە، کەچی پاسیڤ بووە. یازدەی سێپتامبر دەسپێک و سەرەتای ڕێگایەکە بۆ ناسینی ئەم دیاردەیە لە سیستمی نێونەتەوەییدا و ئەم وتارەش هەنگاوێکی سەرەتایی لەم پێناوە دایە.

وشەی تیرۆریزم لە سەردەمی نوێدا ڕەگ و ڕیشەی لە گۆڕانکارییەکانی کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمی زایینی دایە. مانای سەرەتایی ئەم وشەیە کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانە. نموونەی مێژوویی و ئاشکرا کە بوو بە هۆی باوبوون و وەک چەمکێکی سیاسیی دەرکەوتنی ئەم وشەیە، حکوومەتی شۆڕشگێڕیی فەڕانسەیە کە بۆ زاڵبوون بەسەر دژبەرانیدا کەڵکی لە تیرۆر و بەکارهێنانی هەڕەشە و ترساندن وەردەگرت. هەروەها کردەوەگەلێکی لەم چەشنە دوای شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە لایەن بەڵشەویکەکانەوە بەکار هاتوە. بەڵام کەڵک وەرگرتن لە شێوازە تیرۆریستییەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە زیاتر سیاسی یان ئایدۆلۆژیکن، ڕیشەی لە مێژوویەکی کۆن دایە. ئەمڕۆکە دەوڵەتەکان کەمتر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە وەها ئامرازێک بۆ سەرکوتی نەیارە فکری و سیاسییەکانیان کەڵک وەردەگرن و توندوتیژترین گرووپەکان تێدەکۆشن ناوونـاتۆرەی تیرۆریست بوون لە خۆیان دوور بکەنەوە. کردەوە تیرۆریستییەکان زۆر جۆراوجۆرن بەڵام زۆرتر لە چوار شێوەدا خۆیان دەردەخەن و دردەکەون: ١. کوشتن یان لەناوبردن ٢. بۆمب دانانەوە ٣. دەسبەسەرکردن، ڕفاندن و بە بارمتە گرتنی تاکەکان ٤. فڕۆکە ڕفاندن.

بۆ تیرۆریزم وەک کردەوەیەکی دژە دەوڵەتیی دەتوانرێ ٣ قۆناغی مێژوویی لەبەرچاو بگیرێ:

١. قۆناخی سەردەمی کەونارا ( باستان) کە شێوازی ئەو سەردەم کوشتنی کەس یان کەسانێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی ـ ئایینییەکان بووە. «زیلت»ەکان یان «بەغیرەتان» گرووپێک لە توندڕەوە سیاسی ـ ئایینییە جوولەکەکانی سەردەمی کۆن بوون کە بە ئاشکرا دەسەڵاتداری ڕۆمیان لە فەلەستین دەسبەسەر کرد و فیداییەکانی ئیسماعیلی، دوو نموونەی مێژوویی لەم بابەتەن.

٢. قۆناخی دووەمی تیرۆریزم دەگەڕێتەوە بۆ چالاکیی گرووپە سیاسییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بە تایبەت ئانارشیستەکان کە دەسەڵاتی دەوڵەتیان قبووڵ نەدەکرد. هێندێک لە ناسیۆنالیستەکان کوشتنی تێزار ئەلێکساندێری ڕۆم لە ساڵی ١٨٨١، ئەرشیدۆک فڕانس فێردیناند لە ساڵی ١٩١٤ و بۆمب دانانەوە لە لایەن گرووپە ئیرلەندی یان ئەرمەنییەکان لەوانەیە گرینگترین نموونەکان لە مێژووی ئورووپادا بن کە لە ئاڵۆزتربوونی ئەم کردەوانە و پەیدابوونی پاڵنەرە نائایینییە نوێیەکانەوە بەدوورە.

٣. قۆناغی سێهەمی تیرۆریزم بە سەرنجدان بە پەرەسەندنی ئیمکانات و ئامرازەکانی پێوەندی گرتن و گەشەکردنی تێکنۆلۆژی ئەنجام درا و شێوازێکی نوێتری لە تێکهەڵچوونەکان لەگەڵ خۆی هێنا. ململانێ و پێکدادانە ناسیۆنالیستییەکان لە جیهانی سێهەمدا لە کنیاوە و ئەلجەزاییرەوە بگرە هەتا یەمەن و قیبرس کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە پێناو ئامانجە سەربەخۆیی خوازییەکاندا لە دژی دامەزراوە و کاربەدەستەکانی وڵاتە داگیرکەرەکان بەکار دەهات، بەربوار و ڕێگاخۆشکەری فۆرم گرتنی کردەوە تیرۆریستیەکان لەم قۆناغەدا بوو. زۆرێک لەم کردەوانە دەرەنجام و ئاکامی بەهرەدەریان بە دوای خۆیاندا هێنا و بوونە هۆی وەدەرنانی داگیرکەران. بەڵام لە هێندێک حاڵەتی بزاڤە سەربەخۆیی خوازییەکاندا بە ئاکام نەگەیشت و ئەم کارە بوو بە هۆی پەیدابوونی تۆڕە سیاسییە ناحکوومییەکان کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە کردەوەی توندوتیژی سیاسییە کە لێکدانەوە و شیکردنەوەی، بێجگە لە ناسینی دیاردەیەک ئەم ئاکامەشی دەبێ کە دامەزرەوەکان، ڕێکخراوەکان و دام و دەزگا پێوەندیدارەکان لە بیاڤی سیاسەتی کۆمەڵگادا هۆشیار دەکاتەوە کە چ دژکردەوەگەلێک لە بەرامبەر ئەوەدا لە خۆیان نیشان بدەن. یەکێک لە پێناسە بەناوبانگەکانی ئەم چەمکە لە لایەن ئەلێکس پاشمید خراوەتە ڕوو:

تیرۆریزم شێوازو کردەوەگەلێکی دووپات کراوەیە بە مەبەستی پێکهێنانی نیگەرانی و ترس و تۆقاندن کە بە هۆکارە سەلیقەییەکانی جینایی یان سیاسی لە لایەن گرووپە جیاوازەکانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

ئەم پێناسەیە تایبەتمەندیی فرەی بۆ تیرۆریزم باس کردوە بەڵام ئەوەیکە لێرەدا گرینگیی زیاتری هەیە لایەنی سەلیقەیی بوونی ئەوە کە بە شێوەی شاراوە لەبەرچاو نەگرتنی یاسا ئاراییەکانی دەوڵەتان و تەنانەت پێشێل کردنی یاسا نێونەتەوەییەکانیشی بەدواوەیە. سەلیقەیی بوون پشتیوانی نەکردنی ئیرادە یان دەنگی گشتی لەم کردەوانە نیشان دەدا. خاڵێکیتر ئەوەکە دووپات نێودەوڵەتی بەم شێوەیە پێناسە دەکا:

بەکارهێنانی بەردەوامی توندوتیژی بە پاڵنەری سیاسی بە ئامانجی تۆقاندن، بە هۆی بکەرە غەیرە دەوڵەتییەکان کە کاریگەیی و شوێندانانی لەسەر زیاتر لە دەوڵەتێک هەبێ. بە پێی ئەم پێناسەیە پێنج بەشی سەرەکی و بنچینەیی لە تایبەتمەندییەکانی تیرۆریزم دەرکەوتوون و هەوڵ دراوە هەتا بە لەخۆگرتنی زیاتر لە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بیاڤی سیاسەتی تیۆری یان زانستی لە بیاڤی پراکتیکی نزیکتر ببێتەوە. فاکتەرە سەرەکییەکانی پێناسەکە بریتین لە:

١ـ دووپات بوونەوە:
فاکتەری دووپات بوونەوە، تیرۆریزم لە توندوتیژییە نا ڕێک و پێک و ڕێک نەخراو و تاکەکەسییەکان جیا دەکاتەوە. دووپات بوونەوە نیشاندەری بوونی ئۆلگوویەکی تایبەت لە توندوتیژی لە جێبەجێکردنی کردەوە تیرۆریستییەکاندایە.

٢ـ ئەنگێزە(پاڵنەر): ئامانجی زۆربەی بزووتنەوە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسییە. یانی خوازیاری شوێندانان لەسەر ڕەوتی بڕیاردانەکانن و لە زۆر حاڵەتدا



پاڵنەری بنەڕەتی ڕاکیشانی سەرنجی دەسەڵاتە سیاسییەکان و دەوڵەتەکان بۆ لای نادادپەروەرییەکانی ناو کۆمەڵگایە . هەر بۆیە زۆربەی گرووپە تیرۆریستییەکان بەرپرسیارێتی کردەوەکانی خۆیان بە ئەستۆوە دەگرن.

٣ـ مەبەست: مەبەستی سەرەکیی تیرۆریستەکان دزەکردنە ناو هەڵسوکەوتی کەسانی تر لە ڕێگای بەکارهێنانی توندوتیژییە. بەم پێیە لە هۆکارەکانی وەک ترس و دڵەڕاوکێ بۆ پەرەپێدانی لایەنە تەبلیغاتییەکان کەڵک وەردەگرن.

٤ـ ئەنجامدەران (بکەران): ئەنجامدەرانی کردەوە تیرۆریستییەکان دەتوانن چاودێر و تەماشاکەری قوربانییە بێ تاوانەکانی کردەوەیەکی تیرۆریستییش بن، بەڵام لە پێناسەی سەرەوەدا بکەران هەر ڕێکخەرانی ئەم چەشنە کردەوانەن.

٥ـ کاریگەری: کاریگەریی کردەوە تیرۆریستییەکان لەسەر ژێدەرەکانی زیاتر لە دەوڵەتێک دەتوانێ پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی کردەوە تیرۆریستییە نێوخۆیی، ناوچەیی یان نێودەوڵەتی بێ.

تیرۆریزم یەکێک لەو چەمکانەیە کە هەتا هەنووکە تەنانەت ڕێککەوتنێکی کورت و پوختی لەسەر پێناسەکردنی بەدەست نەهاتوە و بە تایبەت داموودەزگاکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە جۆراوجۆرەکان بە پێی ئەو ئەولەوییەتانەی کە بۆ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان لەبەرچاوی دەگرن، پێناسەگەلی جیاوازیان لێ خستوتە ڕوو. بۆ نموونە ڕیمپاد دز شولتێز لە پێناسەی تیرۆریزمی سیاسیدا باسی ئەم فاکتەرانە دەکا:

١ـهۆکارەکان: کە دەتوانێ هۆکارە ئابووری، ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و یان دەروونناسییەکان لە خۆ بگرێ.

٢ـ شوێنی کار: پێوەندیی بە ڕەهەندەکانی کردەوە تیرۆریستییەکانە. ئەلف: لە ئاستی دەوڵەت ـ نەتەوە ب: لە ئاستی نێونەتەوەیی.

٣ـ ئامانجەکان: کە بریتییە لە ئامانجی کورت خایەن وەک تێکدانی سەقامگرتوویی وڵات یان ئامانجی درێژخایەن وەک ڕووخاندنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار.

٤ـ ستراتێژی: تەواوی هەنگاوەکانی پێویست، ڕێبازەکان، بیرۆکەکان، ڕەمز و سەمبولەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان لە خۆ دەگرێ.

٥ـ ئامرازەکانی کارکردن: ئامراز و تاکتیکە گونجاو و لەبارەکان وەک ڕفاندنی مرۆڤ، بارمتەگرتن، بۆمب دانانەوە، ئینسان کوشتن، فڕۆکە ڕفاندن و ...

٦ـ ڕێکخستن: دارشتنی پلانی عەمەلیاتی و دابەشکردنی ئەرکەکان.

٧ـ بەڕێوەبردن: بۆ ئەم مەبەستە تەمەنی کەسەکان، بەربواری کۆمەڵایەتی، پیشە، شێوازی فێرکردن، ئایدولۆژیا، کەسایەتی و بیروباوەڕی ئەوان لەبەرچاو دەگیرێ.

ئەوەکە لە ڕوانگەی ئەم پێناسانە و پێناسەکانی هاوشێوەی ئەوانەوە تا ڕادەیەک بە شاراوەیی ماوەتەوە، هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بەو ئایدیال و ئامانجانەی کە لە ڕوانگەی گروپە تیرۆریستییەکانەوە پێویستن، بەڵام خاوەن دەسەڵاتەکان دەبنە لەمپەری جێبەجێکردن و ئەنجامدانیان. بابەتگەلێکی وەک هۆکارەکان، پاڵنەرەکان و مەبەستەکان ئاماژە بەم چەشنە ئارمانج خوازییانەن. زۆر جار لە پشت توندوتیژییەکانی کردەوە تیرۆریستییەکان، نیاز و نییەتی خێرخوازانەش شاردراوەتەوە کە لە پێناو هەڵگرتنی لەمپەرەکان، کردەوە باسکراوەکان پاساو دەدا. لە باشترین حاڵەتدا دەتوانین بەم شێوەیە بۆی بچین کە ئامانجەکان یان مەبەستە درێژخایەنە باسکراوەکان لە لایەن گرووپە تیرۆریستییەکان بەهرەیەکی زۆریان لە خێر و چاکە بەدواوەیە. چاکەخوازی ئەوان دەستەبەرکردنی ڕاستییە دادپەروەرییەکان لە خۆ دەگرێ و خێرخوازییەکەشیان باشتر ژیان و بەختەوەری. بەم هۆیەوە وەها کەسانێک بەکارهێنانی کەرەسە و ئامرازەکان و توندوتیژیی ئاشکرا بۆ گەیشتن بە وەها ئامانجگەلێک بە بێکەموکوڕی دەزانن . ئەگەر چاودێر و تەماشاچی قوربانییانی خوازراو یان نەخوازراوی کردەوە تیرۆریستییەکانن، تەنیا بەم هۆیەیە کە بۆ پێشگرتن لە زوڵمی دووبەرابەر، ڕشتنی خوێنی وەکوویەک و لە ئاستی کەمتر لەوەیکە دەسەڵاتداران ئەنجامی دەدەن، ناتوانرێ بێ ئەخلاقی و ناپەسندانە بێ.

چەند نموونەیەکی مێژوویی لە تیرۆریزمی ئامانج خوازانە:

لەم ساڵانەی دوایـیدا، کردەوە تیرۆریستییەکان بە پاڵنەرەکانی ئایدیالیستیانە ئەنجام دراون کە دیویدسی ڕاپاپۆرت بە «گرووپەکانی تیرۆری پیرۆز» ناویان دەبا. ئەو گرووپانەی کە بە حەز و پاڵنەرەکانی ئامانج خوازانە کردەوە تیرۆریستییەکان ئەنجام دەدەن، سەرەڕای جۆراوجۆری و فرەچەشنی، هێندێک لایەنی هاوشێوە و وەکیەکیان هەیە. کردەوە تیرۆریستییەکانی گرووپە ئایینییەکان لە ڕابردوودا، هاریکاری تێگەیشتنی بزاڤە تیرۆریستییە نوێیەکانە کە خاوەن ئەنگێزە و پاڵنەری هاوشێوەن. بەڵام میکانیزمەکانی جێبەجێکردنیان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە. ئایینەکان بەستێنێکی لەبارن بۆ ڕێکخستن و بارهێنانی توانا و لێهاتوویە مەعنەویخوازانەکانی مرۆڤەکان، بەڵام مێژوو نیشان دەدا کە تێگەیشتنی هەڵە و ناڕاست و نەگۆڕووتوویێژ هەڵنەگرەکانی بڕواداران تێچوویەکیان بۆ مرۆڤ بەدواوە بووە کە قەرەبوونەکراو بوون. ئەم تێچوو و نرخانە بەدوای شرۆڤەکردنێک لە ئایینەکان خراوەنەکە ڕوو کە یەکەم: کەمتر دەرەتانی ڕەخنەیان بە کەسانی دیکە داوە و دووەم: نیگەرانی بەشداری پێکردن و ڕاکێشانی بیروڕای گشتییشیان نەبووە.

لە درێژەدا سێ دەستە لەو گرووپانەی کە لە هەوڵی جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خۆیان بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازە تیرۆریستییەکان بوون و لە ئایینە گەورەکانی مێژووەوە سەریان هەڵداوە، دەخەینە بەرباس و هەڵسەنگاندن:

«تاگ» یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵگای ئایینی هێندوویە کە لە سەرەتاکانی سەدەی دوازدەهەم و ساڵانێک پێشتر بوونیان هەبووە. وشەی «تاگ» لە ڕیشەی سانسکریت بە مانای « شاردنەوە» وە هاتوە. تاگەکان خۆیان بە بەشێک لە کوڕەکان و پاشماوەکانی خوای مێیینەی «کالی» دەزانن.

کالی یەکێکی تر لە پەرستراوەکانی جەماوەری خەڵکە کە وەک هێزی دایکیی جیهان دەردەکەوێ. پەیکەرگەلێک لە خوای دایک، لە شارستانییەتی دۆڵی سێند دا دۆزاونەتەوە کە لەوانەیە پێوەندی بە شوێنی پەرستنی کالی یەوە هەبێ. کالی لە هێندێک لە پەیکەرەکاندا بەتەواوی ترسێنەر و سامناک دێتە بەرچاو و لە ڕاستیدا «تەکی»یە بەناوبانگەکانیش لە پەرستکارانی کالی بوون.

«کالی»یان بە خواوەندی وێرانی و لەناوچوونیش زانیوە. لە ئوستوورەکانی ئایینی هێندوودا هاتوە کە ساڵانێک پێشتر ئەهریمەنێکی گەورە و ترسناک هەبوو کە پاش خوڵقانی مرۆڤەکان، ئەوانی قووت دەدا. «کالی» بە شمشێرەکەی خۆی ئەم ئەهریمەنە دەکوژێ، بەڵام لە هەڵوەرینی هەر دڵۆپە خوێنێکی ئەو بۆ سەر زەوی، ئەهریمەنێکی تر سەر دەردێنێ. تاگەکان لەسەر ئەو بڕوایەن «کالی» ماندوو دەبێ و بۆ ئەوەیکە ئەهریمەن لەناو بەرێ، دوو پیاو دەخوڵقێنێ و بە هەر کامێکیان دەسماڵێکی درێژ کە لە بەرگەکانی خۆی دایدڕیبوو، دەدات و پێیان دەڵێ

هێندێک شێوازی توندوتیژانە کەڵکیان وەردەگرت. پێکدادانەکان لە باسکی ئیسپانیا و باشووری فەڕەنسا نموونەگەلێکی ئەم تێکهەڵچوونە گرژی خوڵقێنانەن. وڵاتانی ئەمریکای لاتین، ئارژانتین، برازیل و ئۆرۆگوئەش تووشی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بوون کە زۆربەی کاتەکان ڕێخۆشکەری تێکهەڵچوونە جەستەییەکان بوون. قۆناغی سێهەمی تیرۆریزم لە چوارچێوەی جوغرافیای وڵاتانی گەشەکردوو دایە: باندی ئەرتەشی سوور لە کۆماری فیدراڵی ئاڵمان، بریگاردەکانی سوور لە ئیتالیا، فڕۆکەوانەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان چەند نموونەیەک لە گرووپە تیرۆریستیەکانن. هێندێک لەم گرووپە تیرۆریستییانە خاوەن مەیل و ئینتیمای چەپ بوون. بەڵام بێجگە لە چالاکیی گرووپەکانی خاوەن مەیلی چەپ بوون، گەلێک تیرۆریش لە لایەن ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە دەیەکانی ٨٠ و ٩٠ لە فەڕانسە و ئیتالیا ئەنجامدراون.

## چەمکی تیرۆریزم

تیرۆریزم یەکێک لە جۆرەکانی بوونەوە نیشان دەدا کە تیرۆریزم بە شێوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ توندوتیژیی تاکەکەسی، ئەو تاوانانەی کە لە ڕێگای چالاکییەکانی وەک ئینسان ڕفاندن و باج خوازی ئەنجام دەدرێن، جیاوازیی هەیە.

لە ساڵانی ١٩٧٠ هەتا ئێستا وشەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بەرەبەرە کەڵکی لێ وەرگیراوە و ئەو کردەوە توندوتیژییانە لە خۆ دەگرێ کە لە لایەن گرووپە سیاسییەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتی خۆیان ئەنجام دەدرێن. وشەیەکی تر کە هاوکات برەوی پەیدا کرد و بە بۆچوونی هێندێک لە کارناسان لە وردبینیی پێویست بەهرەمەند نیە، تیرۆریزمی دەوڵەتییە و مەبەست لێی ئەنجامدانی ئەو کردەوانە لە لایەن دەوڵەتێکی تایبەتەوەیە. تیرۆریزمی نێودەوڵەتی کەمتر بە مانای دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتان لە ئەنجامدانی چالاکییە تیرۆریستییەکان بەکار دەبرێ، چونکە زیاتر بکەرە غەیرە دەوڵەتییەکان دەست بۆ ئەنجامدانی وەها کردەوەگەلێک دەبەن.

تۆماس جی، چەمکی تیرۆریزمی

کوردستان و کورد
www.kurdistanukurd.com
ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد
بۆ گەیاندنی هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# ڕاپۆرتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی دا

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٨٩ ی هەتاویدا لانیکەم ٩٧ کوردیان کوشتوە کە ٧١ کەس لەو کوژراوانە کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون و لە ئاکامی پەلاماری ئەو هێزانەشدا لانیکەم ٦٨ کاسبکار بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون.

بە پێی ئامارەکانی ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد» لە سێ مانگی بەهاری ٨٩ دا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان زیاتر لە ٢١ کەسیان کوشتوە کە زیاتر لە ١٥ کەسیان کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون. هەر لە ئاکامی دەسرێژی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ٩ کەسیش بریندار بوون

دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ٨٩دا ئەوەندەی ناوەکانیان ئاشکرا کراوە، لانیکەم ٩٠ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و هاوکاریکردنی حیزبە کوردستانییەکان قۆڵبەست کردوە.

ژمارەیەک لەو گیراوانە تا کاتی دادگایی کردنیان بە بارمتەی قورس ئازاد کراون و لانیکەم ٢١ کەس لەوانە دوای بە ناو دادگایی کرانیان حوکمی ٦ مانگ زیندان تا ٦ ساڵ و ٣ مانگ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە سێ مانگی هاوینیشدا زیاتر لە ١٩ کەسیان لە خەڵکی کوردستان بە دەسرێژی چەکەکانیان کوشتوە کە ١١ کەسیان کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون.

هەر لە ئاکامی دەسرێژی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ٢١ کەسیش بریندار بوون

دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگە دا لانیکەم ١٢٨ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و هاوکاریکردنی حیزبە کوردستانییەکان قۆڵبەست کردوە. ژمارەیەک لەو گیراوانە تا کاتی دادگایی کردنیان بە بارمتەی قورس ئازاد کراون و لانیکەم ٢٨ کەس لەوانە دوای بە ناو دادگایی کرانیان حوکمی ٦ مانگ، یەک ساڵ و ٥ ساڵ تا ١٦ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

هەر بە پێی ئامارەکانی ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد» لە سێ مانگی پاییزیشدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان زیاتر لە ٢٣ کەسیان کوشتوە کە ١٧ کەسیان کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون و لە ئاکامی دەسرێژی هێزەکانی ڕێژیم بۆ سەر کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان ٢٤ کەسیش بریندار بوون

دەزگا ئیتلاعاتییەکانی کۆماری ئیسلامیش لە کوردستان لە ماوەی ئەو سێ مانگە دا ئەوەندەی ناوەکانیان ئاشکرا کراوە، لانیکەم ١١٥ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی و هاوکاریکردنی حیزبە کوردستانییەکان قۆڵبەست کردوە. ژمارەیەک لەو گیراوانە تا کاتی دادگایی کردنیان بە بارمتەی قورس ئازاد کراون و لانیکەم ٤٣ کەس لەوانە دوای بە ناو دادگایی کرانیان حوکمی ٦ مانگ زیندان تا ١٤ ساڵ زیندانیان بە سەر دا سەپاوە.

ماشینی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤی کورد لە کوردستان لە لایەن ڕێژیمەوە لە ماوەی ٣ مانگی زستانی ساڵی ٨٩ دا زیاتر لە ٢٢٥ قوربانیی وەرگرتوە.



لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هێزە ئەمنیەتی و ئینتزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ٣٠ کەس لە خەڵکی بێتاوان و بێدەرەتانی کوردستانیان کوشتوە، کە ٢٣ کەس لەو کوژراوانە خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون کە ڕاستەوخۆ لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دراونەتە بەر دەسرێژ و هەر ئاکامی ئەو زەبرو زەنگ و تەقەکردنی سەرەڕۆیانەی هێزەکانی ڕێژیم لە کاسبکارانی کورد لانیکەم ١٤ کەس بریندار بوون.

فشاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بۆ سەر کاسبکارانی کورد هەر بە کوژران و بریندار بوونی ئەو ٣٧ کەسە لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا کورت ناکرێتەوە، لەو ماوەیەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە کەمین دانانەوە لە سەر ڕێی کاسبکاران و تەقەکردن لە کاروانی کاسبکاران زیاتر لە جینایەتێکی سامناک و نامرۆڤانەدا دەیان سەر وڵاغی کاسبکارانیان کوشتوە، و زیاتر لە ١٠٠ سەری ئەو وڵاغانە بە تەقە لێکردن لە مەودای چەند میترییەوە کوژراون و مەبەستی هێزەکانی ڕێژیم لەو کارەش زەرەر پێگەیاندن بەو کاسبکارانە بووە کە لە ماڵ و سامانی دنیا هەر ئەو وڵاغانەیان شک بردوە تا بە بارکێشان پێیان بژیوی ماڵ و منداڵیانی پێ دابین بکەن.

جیا لەوەش هێزەکانی ڕێژیم لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دەستیان بە سەر سەدان باری کاسبکاران دا داگرتوە کە بە پێی بەراوردێکی سەرەتایی کاسبکاران خۆیان بایی زیاتر لە ٨٠٠ میلیۆن تمەن بووە.

هەر بە پێی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی بە ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد نیوز» گەیشتوون، لە ماوەی ٣ مانگی زستانی ساڵی ٨٩ دا لانیکەم ١٦٥ چالاکیی مەدەنی و هاونیشتمانی کورد لە کوردستان لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بە تۆمەتی چالاکی سیاسی قۆڵبەست کراون و لە نێو ئەو ١٦٥ کەسە دا ٣٤ کەسیان دادگایی و حوکمی ٦ ساڵ مانگ زیندان تا ٢٠ ساڵ و شەش مانگ زیندانیان بە سەردا سەپاوە.

سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی خوێندکارانی کوردیشی هەڵ نەواردوە. لە ماوەی ٣ مانگی زستانی ساڵی ٨٩ دا دەیان خوێندکاری کورد لە زانکۆکانی ئێران بۆ کومیتەی ئینزباتیی زانکۆکان و حیراسەتی ئەو زانکۆیانە بانگ کراون و لە نێو ئەواندا لانیکەم ١٣ کەسیان سزای چەند تێرم بێبەش بوون لە خوێندن و دەرکران لە زانکۆیان بەسەردا سەپاوە و ٤ خوێندکاریش حوکمی ٢ ساڵ زیندانیان بۆ بڕاوەتەوە.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣ مانگ زستانی ساڵی ٨٩ دا دوو چالاکی سیاسیی کوردی لە سێدارەدا و حوکمی ئیعدامی لانیکەم بە سەر دوو چالاکی دیکەی کوردیش دا سەپاندوە.

بەو پێیە لە ساڵی ١٣٨٩ ی هەتاویدا لانیکەم ٩٧ کوردیان کوشتوە کە ٧١ کەس لەو کوژراوانە کاسبکارانی ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوون و لە ئاکامی ئەو پەلامارانەشدا لانیکەم ٦٨ کاسبکاریش بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بریندار بوون.

ناوەندە ئیتلاعاتییەکان و دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ساڵی ١٣٨٩ ی هەتاویدا لانیکەم ٤٩٨ کەس لە خەڵکی کوردستانیان بە تۆمەتی چالاکی و هەڵسووڕانی سیاسی قۆڵبەست و لانیکەم ١٢٦ کەس لەو گیراوانەی لە دادگایی کردنێکی نادادپەروەرانەیان بە ٦ مانگ تا ٢٠ ساڵ زیندان مەحکووم کردوە.

شایانی باسە ئەو ئامارانە بە پێی ئەو زانیاریانە کۆ کراونەتەوە کە ڕاستەوخۆ بە ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد نیوز» گەیشتوون، ئەگینا بە دڵنیاییەوە ئاماری ورد و ڕوونی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان زۆر لەوە زیاترە کە لێرەدا باس کراوە.

تێبینی:

- لینکی ڕاپۆرتی پێشێلکردنی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان لە ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی دا http://www.kurdistanukurd.com/DiriyjeyBabetekan.

درێژەی:

# تراویلکەی تیرۆریزم

## ( چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی تیرۆریزمدا)

کە ئەهریمەن بخنکێنن بۆ ئەوەی هیچ دڵۆپە خوێنێکی لێ نەڕژێتە سەر زەوی.

تاگەکان لە ڕێگاکاندا هێرشیان دەکردە سەر ڕێبواران و پاش کوشتنیان، دەیانناشتن و ماڵ و سامانیان لێ زەوت دەکردن. ئامانجی تاگەکان کۆکردنەوەی بڕێکی زۆر ماڵی دزراو بوو بۆ ئەوەی بۆ دروست کردنی شوێنە پیرۆزە نێونەتەوەییەکان بۆ پەرەستن و مانگرتن، پووڵی پێویست وەدەست بێنن. ئەم پارەیە دەخرایە بەردەستی دەسەڵاتدارەکانیان. تاگەکان خوێنیان دەڕشت چونکە باوەڕیان وابوو پێکهێنانی هاوسەنگی لە ڕۆڵی گەردوونیی کالی، بە شێوەیەکی بەردەوام بە خوێن دێتەدی. هەر بۆیە حەز و پاڵنەرەکانیان زۆربەی کاتەکان ئامانجخوازانە بوو نەک سیاسی. بۆ پاراستنی میراتی کالی هەر تاگییەک بە ئەرکی خۆی دەزانی لە ساڵدا لانیکەم سێ کەس بکوژێ. تاگەکان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا قوربانیەکانیان دەخنکاند. هێندێک کات تاگەکان پێوەندییەکی زۆر نێزیک و دۆستانەیان لەگەڵ کوژراوەکانی داهاتوودا دەبەست بۆ ئەوەی بتوانن لە دەرەتانێکی گونجاو و لەباردا خەفەیان بکەن. تاگەکان دەرهەق بە کوژراوەکان نە هەستیان بە ڕەحم و دڵسۆزی دەکرد و نە لە کردەوەی خۆیان پاشگەز و پەشیمان دەبوونەوە. چونکە باوەڕیان وابوو کە خودی تاکی کوژراویش سوود لەم جۆرە مەرگە دەبینێ و دەبێتە هۆی ئەوەکە بچێتە بەهەشت. پاداشتی هەر تاگیەکی فەرمانبەر لە بەرامبەر دەستوورەکانی کالیدا، بەهەشتی بەرین دەبێ. بۆ گەیشتن بەوەها ئامانجێک بوو کە تاگەکان هیچ کات دەستدرێژی یان کردەوەیەکی خراپیان دەرهەق بە قوربانیەکان نەدەکرد و کاری خۆیان بە پیرۆز دەزانی.

٢ـ فیداییەکانی ئیسماعیلی

فیداییەکان، گرووپ یان تاقمێک لە ئیسماعیلییەکان بوون کە گۆڕین و ڕیفۆرم و بونیات نانەوەی جیهانی ئیسلام بۆ ئامادەکردنی پێشەکییەکانی دەرکەوتنی ڕزگاریدەری بەڵێن دراو بە ئەرک و بەرپرسیارێتی خۆیان دەزانی. ئامانجی ئەوان یۆتۆپیایەک (مەدینەی فازیلە) بوو کە زوڵم کردن و زوڵم لێکران هاوکات لەناو بچن. فیداییەکان لەسەرەتادا خەریکی ڕاگەیاندنی ئایدیا و بڕۆکەکانی خۆیان و وەدەستهێنانی لایەنگر و شوێنکەوتووانی نوێوە بوون. بەڵام کاتێک کە سنووردارکردن و گوشارەکان زیاد بوون، بۆ ڕێکخستنی هێزەکانیان بە ناچاری پەنایان بۆ قەڵایەکی دەست وێرانەگەیشتوو و هەڵەموت برد وقەڵای زۆر پتەو و قایمیان دروست کردن. ئەوان لە پێناو بیروباوەڕیاندا دەستیان بە جۆرێک لە کۆچکردن کرد.

فیداییەکانی ئیسماعیلی هێزی چەکداریان بۆ داکۆکی لە کۆچکردووەکان لە قەڵاکاندا جێگیر کرد. زۆرێک لە تیرۆرەکانیان لایەنی بەرەنگاربوونەوەی پێوە دیار بوو، یانی کەسانێکیان دەکوشت کە کۆسپ و نارەحەتیان بۆ بانگەشەکارانیان دروست دەکرد. ئامانجی هێندێکی دیکە لە تیرۆرەکانیان لەناوبردنی سیما دیار و بەرچاوەکانی دەسەڵاتدارانی دەربار بوو. کەسانێک کە پەرەپێدەری فەساد و گەندەڵی بوون و کەند و کۆسپیان لە ڕێگای برەوپێدانی بنەما و تیۆرییە ڕەسەنە ئایینییەکان دەگرت. ئامانجەکانی فیداییەکانیش هەروەک «تاگ»ەکان لە لایەنە ئارمانجخوازانەکانییەوە شیاوی وەسف و تێگەیشتنە. بێجگە لەوەیکە لە هێندێک بابەتدا ئەنگیزەی سیاسیشیان هەبوو. قوربانیەکان ئەم جۆرە تیرۆرانە، زیاتر لە شوێنە گشتییەکاندا دەکوژران و بۆ کوشتنیشیان کەڵک لە خەنجەر وەردەگیرا. فیداییەک کە کەسێکی دەکوشت لە زۆربەی کاتەکاندا پاش ئەنجامدانی کارەکە دەگیرا چونکە زۆربەی ئەوان هەوڵی هەڵاتنیان نەدەدا یان دەرەتانی هەڵاتنیان نەدەبوو.

فیداییەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هەر کەس لە پێناو ئامانجیدا بکوژرێ، سەرکەوتووە و کارەکەی بە جۆرێک لە خەزا زانراوە و بەهەشتی خوای بە نسیب دەبێ. جاری وایە دەگوترێ کە فیداییەکان بۆ ڕاکێشان و ڕازی کردنی شوێنکەوتووانی خۆیان کەڵکیان لە ماددەهۆشبەرەکان یان حەشیش وەردەگرت و چەشنە بەهەشتێکی دەستکردیان ساز کردبوو کە وێدەچێ لەباری مێژووییەوە زۆر ڕاست نەبێ و بەڵگەی مێژوویی ڕاست و دروستی لە پشت نیە.

هەر چۆنێک بێ لەخۆبردوویی دەمارگرژانەی پیاوانێک کە بەوەها ئەژمارێک گیانی خۆیان لە پێناو کارێک دەنا کە خۆکوژی بوو، چونکە کەسانێک کە لە لایەن ئەوانەوە هێرشیان دەکرایە سەر، زۆرجار چەکدار بوون و دەروبەریشیان بە کەسانی چەکدار گیرابوو، نیشانەی توندیی و پتەوبوونی بیروباوەڕی ئەوان بە گرووپی خۆیانە.

زۆر لە فیداییەکان بە زیرەکی و هۆشیاری دەچوونە ناو دام ودەزگای دەسەڵات و زانیاریی پێویستیان بۆ ئەنجامدانی تیرۆرەکە وەدەست دەهێنا و هەر ئەم کارەش دەبوو بە هۆی ئەوەی کە چالاکییەکانیان سیمای سیاسی بەخۆوە بگرێ. لەسەر ئەم بنەمایە گرووپێک لە ـ نزارییەکان ـ یەکێک لە لقەکانی ئیسماعیلییە ـ کە کەڵکیان لە شێوەی کوشتنی نەیارانیان وەردەگرت، ئامانجیان سەپاندنی هێز بە هەر شێوەیەکی گونجاو بوو. ئەوان بە دوای ئەوەوە نەبوون کە بە نەرمی و لەسەرخۆیی خەڵک بۆ لای ئایین و ڕێبازی خۆیان ڕابکێشن، بەڵکوو پێڕەوی کردن یان تەسلیم بوونی بێئەملاوئەولایان دەویست و یان دژایەتیان بە دوژمنایەتی تەواو دەزانی. کوشتنی «برکیارق» و سوڵتان مونجیر لە کوڕەکانی مەلیک شا، نیزامولمولک و «معین الدین» لە وەزیرانی سوڵتان سەنجەر و هەڕەشەکردن لە فەخری ڕازی نموونەگەلێکی زەق و بەرچاوی پێکهێنانی ترس و تۆقاندن لە لایەن ئیسماعیلییەکانەوەیە.

# ئەو رۆژەی من دەمرم

ئەو رۆژەی من دەمرم،
تۆپی خۆر...
دەخلیتە سەر زەوی،
مانگ.. فش دەبێتەوە.
ئەستێرە.. دێنە خوار،
چوار دەوری شار دەگرن،
ئامادە باش،
چەک دێننە سەر پێ.
ئەو رۆژە..
زەوی. هەناوی دێتە ژان و
دەئاوسێ.
ئاسمان. نزم دەبێتەوە،
دار و بەرد..
هەناسەی سوار دەبێ.
ئەو رۆژەی من دەمرم،
لە پێچی کۆڵانەکاندا،
ئاو... دەخلیسکێ و بە پشتا دەکەوێ.
دەست و پێی دەردەچێ.
ناتوانێ سەری بەرز کاتەوە،
ناتوانێ بجولێ.
چەند فیکە لێدەدا..
کەس فریای ناکەوێ.
دەست و پێی بهێنێتەوە جێ.
ئەو رۆژەی من دەمرم،
خۆڵ.. سەر و شانی لە قوڕ دەگرێ،
نە نان دەخوا، نە ئاو،
شێت ئاسا..
هەردا و هەرد دەگەڕێ،
بۆ شوێنێ..
شایەنی مەقامی گۆڕم بێ.
ئەو رۆژەی من دەمرم،
ئاگر لە سەرما دەلەرزێ،
دێتە بەر دەرگای ماڵ، زمانی گۆ ناکا،
چاو دەگێڕێ، بەڵکوو..
لە یەکێ بپرسێ:
بۆچی مرد!؟
بۆچی مرد!؟
پاشای عەرشی سەدەی بیست و سێ؟
ئەو رۆژەی من دەمرم،
با.. لە حەسرەتا ئەژنۆی دەشکێ.
هەناسەی بۆ نادرێ.
چەند دەکا..
پەل و پۆی ناجولێ.
ناتوانێ لە کۆڵانێکەوە
بۆ کۆڵانێکی تر بچێ.
بەڵکوو ئەمە خوایە،
لە مزگەوتی گەڕەک
خەبەری تەواوی دەسکەوێ.
ئەو رۆژەی من دەمرم،
خۆڵ و با، ئاگر و ئاو،
سەریان لێ تێک دەچێ.
شپرزە، دواجار کۆ دەبنەوە،
سەبارەت بە شێوەی ناشتنم،
چەند بڕیاری دەدەن:
١. پێویستە..
تابوتەکەی لە تەختەی مانگ بێ.
٢. پێویستە..
کفنێکی بۆ بچنن لە پرچی کچێ.
٣. پێویستە..
بە شیلەی وشە بیشۆنەوە.
٤. پێویستە..
بەردی ئەلحەدەکەی..
پارچەیەک پەلکەزێڕینە بێ.

***

ئەو رۆژەی من دەمرم،
بەرد. لە خەو هەڵدەسێ.
خەونی سەیر سەیر دەگێڕێتەوە..
بۆ لمی کەنار زێ.
ئەو رۆژە..
ڕووبار.. ڕێک هەڵدەسێتە سەر پێ.
دەڵێ: خەڵکینە فریا کەون.. تەکبیرێ،
- پاش مەرگی-
وشکە ساڵ هەر بەردەوام دەبێ.
ئەو رۆژە..
درەخت.. پاڵ دەکەوێ.
بەدەم گریانەوە،
هاوار دەکا: هاوار بە ماڵم،
کێ لەمەودوا بەری ڕەنجی من دەچنێ!؟
ئەو رۆژە.. ڕەشەبا.. لە شوێن خۆی
دەوەستێ،
کز و مات، بێ تاقەت،
لە ژێر ساباتی خۆڵ بارینا
چوار مشقی لێ دادەنیشێ.
ورتەی لێوە نایە،
بە مژی قوولەوە، لەسەرخۆ
جگەرە دەکێشێ.

***

ئەو رۆژەی من دەمرم،
شاخ هەڵدێ..
خۆی دەشارێتەوە.
دەچێتە بن بەردێ.
ئەشکەوت نقەی نایە..
دەمی خۆی هەڵدەچنێ،
ڕێگاوبان لوول دەبن،
خۆیان مات دەدەن لە ژێر پردێ.
ئەو رۆژە..
دەشتایی.. لە تاوا
- بێ ئەوەی بزانێ-
بە ڕووتی ڕادەکا،
تاکوو بگاتە پەنای گردێ.
دارستان.. بە تەنیا..
ڕێگای لێ وێڵ دەبێ،
دەگەڕێ..
بە دوای ئەشکەوتێ، داڵدەی بدات،
چیرۆکی ئەفسانەی بارانی پێ بڵێ،
ئەو رۆژە..
کانی. تووڕە دەبێ،
دەچێ بە گژ چەما.
چەم دەزریکێنێ و ..
پێ پەتی، دۆڵاودۆڵ بۆی دەردەچێ.
خرینگەی پاوانەکەی ڕۆژە ڕێیەک دەچێ.
ئەو رۆژەی من دەمرم،
گۆی زەوی.. دەوەستێ.
ناسوڕێ.
ڕۆژ بەردەوام دەبێ،
بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە،
وەک یەک چەشن دەبێ.
شەو. ورد ورد خۆی دەپێچێتەوە.
دەتۆرێ،
ڕادەکا . دەچێتەوە مزگەوتێ.
لە ترسا..
بە دەنگی بەرز هاوار دەکا،
دەست دەکاتە سەڵات و بانگدان،
نەک خەڵک بێ خەبەر بێ!
هێلی ڕژد، هێلی پان
تێک دەچێ
وەک شەپۆلی ناو دەماخی شێت،
خوارو خێچ دەبێ.
ئاو لەگەڵ وشکانی..
تێکەڵ دەبێ.
ئەو رۆژە..
گۆی زەوی.. دەبێتە تۆپەڵێ..
قوڕی هەویر ئاسا،
پان پان دەبێتەوە.
تەنک.. وەک نانی تیری لێ دێ.
ئەو رۆژەی من دەمرم،
بوومەلەرزەیەک،
ئاسمان شەق شەق دەکا.
دنیا هەمووی تاریک دەبێ.
_ وەک چۆن ئێستا کارەبا دەبڕێ_
هەرچی ئاوی گەردوون هەیە دەرژێ،
سەر زەوی پڕ دەبێ،
شار و شاخ، دەشت و دەر،
هەمووی دادەپۆشێ.
هەرچی بەڵەم و پاپۆڕە نوقم دەبێ.
خەڵک هەمووی دەخنکێ،
چەند کەسێ نەبێ.
بە پشتە مەلە بۆ..
(کەشتی نوح) دەگەڕێن.
پێی ڕاناگەن،
ئەویش ون دەبێ.
پاش دەیان ساڵ،
چەند ساڵێ بە دوای یەکدا
_وەکوو ئێستا لێرە_
وشکە ساڵ دەبێ،
ئاو وشک دەکا، نامێنێ.
ئەو وەختە،گۆی زەوی،
لە گوێزێکی گەورەی پووک دەچێ.
ئەو رۆژەی من دەمرم،
کەس ناچێ بۆ بازاڕ،
جلەکانم نەبێ،
(چاکەت و پانتۆڵ و کراس و فانیلە و دەرپێ).
لە بازاڕی کوتاڵ فرۆشان..
لە دوکانێکدا،
لە سەر ڕەنگ و نەخشی کفنەکەم
شەڕ دەکەن.
نێوانیان تێک دەچێ.
ئەو رۆژەی من دەمرم،
کتێبەکانم سەرسام.. دەم دەکەنەوە،
لە ڕەفە دێنە دەر..
پەڕپەڕ خۆیان هەڵدەدەنەوە.
قەڵەمە تەنیاکەم،
بانگ دەکەن.
دەچنە سەر مێزەکەم،
بروسکەی ماتەم دەنووسنەوە.
بۆ یادی چلەکەم
پاشان بڕیار دەدەن،
_بۆ پاشای هەمیشە_
وەرزانە،ڕاپۆرت ئامادە کەن.
دەربارەی..
دەربارەی. پرۆشەی گەواڵەی خەیاڵ و
شنەی تیژی یادگا.
دەربارەی.. بەرزی م نزمی تولەڕێی کێش و
دەزوبەندی سەروا
دەربارەی.. تۆوی ناوەڕۆک و
هێڵ و گۆشەی شێوەو
وەرد _ دانەوەی واتا.
دەربارەی . تەقەڵکێشی مێژوو، و
قەڵاتی درز بردووی جوغرافیا.
دەربارەی.. درکەزێی سروود و
نەرمە گیای سەمفۆنیا.
دەربارەی. مەقامی کورتیلە چیرۆک و
بەستەی خێرای ڕۆمان.
دەربارەی.. تاریکی گەلەری و
چوارچێوەی شێواوی پێشانگا.
دەربارەی.. هونەری چاندنی ڕێنوس و
یاسای هات و چۆی گشتیی ڕێزمان.
دەربارەی.. دوکەڵی جگەرەی فەلسەفە.
دەربارەی.. کەفاوی شیکاری دەروونی.
دەربارەی.. پرخەی کۆمەڵناسی.
دەربارەی.. باوێشکی ڕەخنەی ئەدەبی.
دەربارەی...
دەربارەی...
دەربارەی.. ئەزموونی گرووپی شانۆی (با).
ئەو رۆژەی من دەمرم،
کچەکانم نەبێ،
بۆ ناگرێ.. لەم شارە..
هیچ کچێ!!

**« تەیب جەبار »**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 556 4 Apr 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## تیشکی ڕادیۆئەکتیڤ هەڕەشەیەکی جیددی لە سەر ژینگە



بوومەلەرزەو تسۆنامیی ژاپۆن کە بە زیاتر لە دەیان هەزار کوژراوو بریندارو ونبووی لێکەوتەوە شەپۆلێکن لە ڕق وتووڕەیی ئەم سروشتەی مرۆڤ خەمی لێ ناخواو وەک ئەمانەتێک لێی ناڕوانێ، بەڵکوو هەر ڕۆژەو بە داهێنانی نوێترو دروست کردنی کەرەستەو ئامێرو دەزگەی تازە دەبێتە هۆی ئەوەیکە زیاتر مەترسی بێ بۆ درێژەدانی ژیانی ئاسایی خۆی و گیانلەبەران و تەنانەت کەشوهەوای ئەم تۆپە خۆڵینە پیرەی کە بە دەیان و سەدان و ڕەنگە هەزاران میلیۆن ساڵ بێ تێیدا بەردەوامە.

بە دوای بوومەلەرزەکەی ژاپۆن و هەروەها لە کۆنترۆڵ دەرچوونی وێستگەی ناوکیی فۆکۆشیما، مەترسی بڵاو بوونەوەی تیشکی ڕادیۆئەکتیڤ بۆ سەر ژینگەی ناوچەو تەنانەت جیهان کەوتە ڕۆژەڤەوە. ئەگەرچی پسپۆڕان و زانایانی ئەتومی ژاپۆن بەردەوام یدەکۆشان بە شێوەی جۆراوجۆر بەر بەم کارەساتە بگرن بەڵام وا دیارە مۆڤ نەیتوانی ئەم وزە بە هێزەی تا دوێنێ وەک خزمەتکەرێکی گونجاو بە کاری دێنا لغاو بکاو ئەگەر خەمێک لەو لانکەی لەسەری دەژی نەخوا چی دی وەک جاران بە سانایی ڕایناژێنێ وسەرەڕای درانی چینی ئۆزۆن کە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی ئەم تیشک و تیرۆژانەی کە زیانیان بۆ سەر گیانلەبەران و ژینگە هەیە، مرۆڤ دەبێ ئەمجار خۆی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ تیشکی بڵاو بۆوەی وێستگەی ئەتۆمییەکان ئامادە بکا ک هەر ئێستا لە دەریای ژاپۆنەوە ئەگەری بڵاو بوونەوەی بۆ ناوچەکانی دیکەی جیهان هەیە. کاربەدەستانی ژاپۆن بە دوای تەقینەوەکانی یەکەم لەم وێستگەیە دا ناچار بوو بە چەندین کیلۆمیتر بە خەلک چۆڵ بکا، بەڵام ئاخوا ئێستا دەگەڵ زیاتر بوونی پانتایی کاەساتەکە دەبێ جیهان چ کاردانەوەیک نیسبەت بەم قەیرانە ژینگەییە هەبێ.

## مێداڵێکی ئیفتخار بۆ دژایەتی کردنی گەلێک



ئیمام جومعەی ورمێ، غوڵام ڕەزا حەسەنی یەکێک لە ئەسڵیترین ئەو کەسانەی کە شەڕی نەغەدەو شارەکانی دیکەو تەنانەت ژینۆسایدی کورد لەم دەڤەرەی لە سەر دەستی ساز بووە، لە لایەن سەرکۆماری کودیتاوە مێداڵی ئیفتخاری پێ درا. حەسەنی کە بە بۆنەی پێشینەی خەبات دژی شاو شەڕ دژی کوردو هەروەها دژی عێراق ئەو مێداڵەی پێ بەخشرا، توانی هەڵکردنی لەگەڵ هیچ جیابیرێک نییە، هەر لەم سۆنگەیەوە بوو کورەکەی خۆی کە سەر بە ڕەوت و بۆچوونێکی دیکە بوو بە کوشتن دا. حەسەنی لەم ماوانەی پێشوودا لە وتووێژێک دا شوێنەوارە کۆنەکان بە دوو دەستە دابەش دەکاو پێی وایە بەشێکیان کە بۆ خزمەت بە ئیسلام ساز کراون دەبێ بپارێزرێن و ئەوانی دیکەش بفەوتێندرێن. سەرۆکی ڕێکخراوی میراتی فەرهەنگی ورمێ ماوەیەکە داوای ئەو مێداڵەی بۆ حەسەنی کردوەو تەنانەت ڕاشکاوانە دژایەتی ناوبراو دەگەڵ دێمۆکرات وکۆمەڵەو ڕەوتە سیاسییەکانی کورد بۆ وەرگرتنی بە نموونەی زەحمەتەکانی دەهێنێتەوە.

## پیشاندرانی شانۆی زەماوەندی خوێن لە کرماشان



شانۆی «زەماوەندی خوێن» لە دەرهێنانی شانۆکاری مەریوانی ڕەحمان هوشیاری لە شاری کرماشان پیشان درا.

بە پێی ڕاپۆڕتی ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر ئەم شانۆگەرییە لە هۆڵی تەجروبە لە کۆمەڵگەی فەرهەنگی و هونەریی ئاوینی لە شاری کرماشان پیشان دراوە. ئەو شانۆگەریە کە لە سێ پەردە و حەوت تابلۆ پێک هاتووە، لە نووسینی فێدریکۆ گارسیا لۆرکا (١٨٩٨ ـ ١٩٣٦) شاعیر و نووسەری ناوداری ئیسپانیاییە کە لە ساڵی ١٩٣٣ لە وڵاتی ئیسپانیا و دواتر لە شاری بۆینۆس ئایرێس لە وڵاتی ئەرژەنتین پیشان دراوە.

جێی وەبیر هێنانەوەیە کە ساڵی ڕابردووش شانۆگەریی « ئافرەتی تۆ» لە نووسین و دەرهێنانی «ڕەحمان هوشیاری» بە پاڵپشتی «پرۆژەی چوار وەرزی شانۆی ئێران» بۆ ماوەی ١٠ شەو لە شاری کرماشان پیشان درابوو

## گۆڵی ورمێ بێ کەس ماوەتەوە!

ڕەنگە لە مێژوودا ئەو کەسانەی شوێنێک، ناوچەیەک یان نیشتمانی گرووپ و گەلێکی دیکەیان داگیر دەکردو خاکەکەیان بە هی خۆیان نەدەزانی تەنیا بەزەییان بە دانیشتووانەکەی دا نەهاتبێەوە جگە لە هێندێکی بابەتی وەک ئاور دانی ئاتێن بە دەستی خەشایارشای هەخامەنشی کە ئەویش زیاتر لە سەرشێت دەچوو هەتا پادشا. بەڵام مێژووی هاوچەرخی کوردستان پڕە لەم جۆرە کارەساتانە کە لە لایەن داگیرکەرانییەوە بە سەری هاتوە. لە کوێر کردنەوەی کانی و وێرانکاریی دەستی سەدام لە باشووری کوردستانەوە بگرە هەتا ..... سووتاندنی لێرەوارەکان و وشک کردنی ڕووبارەکان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و لەمانەش کارەساتتر فەوتاندنی گۆلی ورمێیە.

ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە خەمخۆران و ڕێکخراوە ژینگەپارێزو تەنانەت پارت و لایەنە سیاسییەکان بە کورد و ئازەرییەوە بانگەشە بۆ ڕزگار بوونی گۆلی ورمێ لە فەوتان دەکەن وبە شێوازی جۆراوجۆر لایەنە پێوەندیدارەکانی لێ ئاگادار دەکرێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی نابەرپرسی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا بیر لە بەرژەوەندی و جێبەجێ کردنی خەون و خەیاڵەکانی خۆیان دەکەنەوە بە بێ گوێدان بە ژیان و ئیکۆسیستمی ناوچەو ئەم گۆلە جوانەو ژیانی خەڵکی دەوروبەرو ئەو ژیانەی بەو گۆلەوە بەستراوەتەوە هەر ڕۆژەو خەریک جێبەجێ کردنی پرۆژەیەکن بە بێ لەبەر چاو گرتنی زەرەرو زیانەکانی. کاربەستان بە لێدانی چەندین بەنداو لە سەر بەستێنی ئەو ڕووبارانەی دەڕژێنە گۆلی ورمێوە،



یان بەڕێ کردنی ئاوی ڕووبارەکانی بۆ شارە دوور دەستەکان و هەروەها لێدانی پردێک بە نێوەڕاستی ئەو گۆلە دا کە بووە هۆی وەستانی گەڕانی ئاوەکەی و بە بۆچوونی زانایان و کارناسان زۆرترین زیانی بۆ سەر ئیکۆسیستمی گۆلی ورمێ هەبووەو تەنانەت سوواهەڵگەڕانی ئاوەکەشی لێکەوتۆتەوە.

## چاپکراوی نوێ




ژمارەی ٤١ی لاوان، گۆڤاری وەرزیی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە.

گۆڤاری لاوان کە هەر ژمارەیەی فایلێکی تایبەت دەخاتە بەرباس و خوێندنەوە، لەم ژمارەیەش دا ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شرۆڤەی بۆ کراوەو چەند نووسین و وەرگێڕانی بەپێز لە پێوەندی لەگەڵ پێشینەو کارکردو کاردانەوەی NGO کان هەروەها هێندێک بابەت و ڕاپۆرت و چالاکی‌یەکانی ڕێکخراوەیی یەکیەتی لاوان باسیان لێ کراوە.




بەر لە ماڵاوایی

## ئەمجارە

## تۆ لەگەڵ کەوە خۆشەویست!

نەدا شابازی وەرگێڕان بە کوردی: کوێستان فتوحی

بەدوای بڵاوبوونەوەی نامەیەک لە لایەن بنەماڵەی محەممەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەری بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە دیسامبری ٢٠١٠دا و بڵاوبوونەوەی پێشنیاری ناساندنی کەبوودوەند وەک کاندیدای خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، گرووپێک لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی کورد لە دەرەوەی وڵات، بە وەڕێخستنی کەمپەینێک، ئەو پێشنیارەو ئەو هەلەی هاتۆتە پێشیان بە دەرفەت زانی و بواریان بۆ وەڕێخستنی چالاکییەکی مەدەنی بە کۆمەڵی جوان پێک هێنا. کەمپەین هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانییەوە لەگەڵ زۆر هەورازو نشێو بەرەوڕوو بۆوە. ئاماژەی ئەرێنی و نەرێنی جۆراوجۆر ناردرا. لە ڕۆژی یەکەمەوە هێندێک کەس لەخۆبردوانە یارمەتیی ئەو کەمپەینەیان دا. هێندێکی دیکە هەرچەند لە سەرەتاوە بە گومانەوە سەیریان دەکرد، بەڵام لە درێژەی ڕێ دا بوونە یارمەتیدەری کەمپەینەکە.

لە کۆتاییدا محەممەد سەدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەری بەندکراوی مافی مرۆڤی کوردستان کە ماوەی ٥ ساڵە میوانی ئێوینی تارانە و تەنیا بە تاوانی چالاکییە مرۆڤدۆستانەکانی، ماوەی مەحکوومییەتی ١١ ساڵەی خۆی لە زیندان تێپەڕ دەکا، لە لایەن حیزبی سۆسیالیستی چەپی پارلەمانی نۆروێژ وەک یەکێک لە بەربژێرەکانی خەڵاتی نۆبێلی ٢٠١١ ناسێندرا.

بۆ ئاشنایی زیاتر لەگەڵ کۆمەڵە چالاکییەکانی، و ئەو خەڵاتانەی وەری گرتوون، مەحکوومییەت و ئەو نەخۆشییانەی بەڕێز کەبوودوەند کە لە زیندان تووشیان بووە، دەتوانن سەردانی سایتەکەی بکەین. ئەوەی لێرەدا دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، بێ لوتفییەکە کە لە لایەن ڕاگەیەنە ئێرانییە غەیرە کوردییەکانەوە لە بارەی کەبوودوەندەوە بەڕێوە دەچێ.

ئەگەر لە بارەی چالاکییەکانی کەبوودوەند بخوێنینەوە و کەمێک بە ویژدانەوە دادوەری بکەین، بێ گومان قبووڵ دەکەین کە ئەو تێکۆشەرە کوردەی مافی مرۆڤ کە لە لایەن زۆر لە کوردەکانی ئێرانەوە وەک باوکی مافی مرۆڤی کوردستان ناسراوە، شیاوی سەرنج و گرینگی پێدانی زیاتری ڕاگەیەنەکانە. بەڵام بەداخەوە نەک لە ماوەی دەورانی زیندانیبوونی دا، بەڵکوو تەنانەت دوای کاندیدکرانی بەڕێز کەبوودوەندیش بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، کەمتر ڕاگەیەنێکی غەیرە کورد ئەو هەواڵە گرنگەیان بڵاوکردۆتەوە.

مەبەستم گلەیی کردن نیە، بەڵام بە ڕاستی ئەگەر کەسێکی دیکە لەجێی ئەو کوردە بوایە، دیسانیش کاردانەوەکە هەر بەو شێوەیە کەمڕەنگ دەبوو؟

بۆ چی کەبوودوەند خاوەنی پێناسەی ئێرانی نییە؟ هەوڵە هەمەلایەنەکانی ئێمە بۆ ناساندنی ئەو بە جیهانیان و بردنەسەری شانسی ئەو بۆ وەرگرتنی موعتەبەرترین خەڵاتی ئاشتیی جیهانی، مەگەر باشترین ڕێگە نییە بۆ هاوارکردنی ستەمێک کە لە ئێراندا حاکمە؟ حکوومەتی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵەکانی کەمپەینی کەبوودوەنددا بە شێوەیەک ترسی لێ نیشتوە کە نە پێش هەڵبژێرانی بۆ کاندیداتۆری ئەو خەڵاتە لە لایەن هەیئەتی نۆبێلەوە، نەدوای بەربژێریی ئەو، نەیتوانی ئەو ترسە بشارێتەوە. بەتایبەتی کە هەلومەرج و تایبەتمەندییەکانی کەبوودوەند زۆر لە تایبەتمەندییەکانی براوەی نۆبێلی ئاشتیی ساڵی ڕابردوو دەچن.

ئەوەندەی لەبیرم بێ، تێکۆشەرانی سیاسیی کورد، چ حەڕەکەتی نیزامییان هەبووبێ، چ غەیرە نیزامی، هەمیشە لە لایەن هێندێک ڕووناکبیری ئێرانی هەڵگری فکرییەتی پان ئێرانیزمەوە بە جیاییخوازی مەحکووم کراون. هەر کاتێک باس لە مافی دابین کردنی چارەنووس و مافی نەتەوە بندەستەکانی ئێران دێتە گۆڕێ، هێندێک ئەمە وەک پیلانی دوژمنانی ئێران زەمین و تەواویەتی خاکی ئێران ناودەبەن. هەرچەند ئەو شێوە بیرکردنەوەیە بە تەواوی بە هەڵە دەزانم، بەڵام وای دادەنێین ترس لە دابەشبوونی ئێران لە جێی خۆی دایە ئەو جار چی؟؟ ئەگەر بە سەرنجەوە چاو لە ڕیزی چالاکییەکان و ئامانجەکانی کەبوودوەند بکەن، دەبینن کە هەموویانی بە شێوەی مەدەنی و تەنانەت بە دوور لە لایەنگریی حیزبی بووە. هەوڵەکانی نەتەنیا لە خزمەت وەدیهاتنی مافەکانی کوردەکان، بەڵکوو بەگشتی، بە ئامانجی وەدیهاتنی یەکسانی بەڕێوەچوون.

بۆیە ئێوە کە پێتان سەیرە کە بۆچی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی خەڵکی ئێران لە تاران و چەند شاری گەورەی دیکە تێ ناپەڕێ ، بانگەوازتان کردووە ڕەگەڵ کەون خۆشەویستان! بەڵام وڵامێکی دڵخوازتان وەرنەگرتۆتەوە، دڵنیا بن هۆی ئەو لەگەڵ نەکەوتنە، لەو بێ بڕواییەوە سەرچاوە دەگرێ کە ڕەگ و ڕیشەی لەنێو نەتەوەکانی ئێران دایە. بێ بڕوایی نەتەنیا بە دەسەڵات، بەڵکوو بە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ڕووناکبیرانیشە. ڕەنگە پشتیوانی لە بەربژێریی چالاکێکی مافی مرۆڤ کە ساڵانێکی زۆر لە تەمەنی لە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان تەرخان کردوە و بۆخۆشی یەکێک لە ئەندامی یەکێک لە نەتەوەکان یا بە قەولی ئێوە ئەقوامی ژێردەستی ئێرانییە، هەلێک بێ بۆ گەڕاندنەوەی ئەو متمانەیە. دەڵێین ژێردەست و ناڵێین کەمایەتی، چونکە بە قەولی دۆستێک (مهشید ڕاستی): «نازانم بەپێی چ ئامارێک زۆرایەتی و کەمایەتی دیاری کراوە؟!

بەهەر حاڵ ئەگەر بەڕاستی لەسەر ئەو بڕوایەن جیاییخوازی تاوانە، هەوڵ بدەن بۆخۆتان تووشی ئەو تاوانە نەبن. بە جۆرێک پشتیوانی لە کەبوودوەند بکەن کە شایستەی ئەوە. چونکە بە بڕوای من جیاییخوازی ئەوەیە کە کاتێک کەبوودوەندی کورد بە پێناسەی ئێرانییەوە لە لایەن هەیئەتی نۆبێل وەک کاندیدای خەڵاتی ئاشتی نۆبێل دیاری دەکرێ کەمتر سایتێکی ئێرانیی غەیرە کورد ئەو هەواڵە گرینگە بڵاودەکاتەوە و کەمتر غەیرە کوردێک شانازی پێوە دەکا. جیاییخوازی ئەوەیە کە فڵانە شاعیرو ڕووناکبیری ئێرانی بە هۆی دژایەتیی ئیسلام، سووکایەتی بە عەڕەبەکان دەکەن، هەروا بزانە نازانن کە چەند میلیۆن عەڕەب بە ناسنامەی ئێرانییەوە بە قەرا ئەو خاوەنی ئەو خاکەن.

بۆیە ئەمجارە تۆ لەگەڵ کەوە خۆشەویست! تۆ لەگەڵ خەڵکێک کەوە کە دەیانەوێ بە بەشداریی هەرچەند ناحزووریی نوێنەری ڕاستەقینەیان محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە ئۆسلۆ، بەحەقبوونی خۆیان یا ستەمی حاکمییەت هاوار بکەن. ئەمجارە تۆ هاوڕێ بە خۆشەویست! هاوڕێ بە لەگەڵ خەڵکێک کە هێشتا ماتەمباری خوێنی ڕژاوی ڕۆڵەکانیان، سانع و کیانووش لەسەر شەقامەکانی تارانن و هەروا لە گۆڕستانە بێ ناونیشانەکانی تاران، بۆ تەرمی پاکی فەرزاد و فەرهاد و شیرین و عەلی یەکانیان دەگەڕێن.